
گەندەڵی ئابووری و چەواشەی... ٤



ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی ... ٥


کۆماری ئیسلامی و سێدارە ... ٨



فمینیزم و پێناسەیەک ٩


لەسێدارەدانی لاوانی عەرەب... ١٠



دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئـێـران

ژمارە ٥٩٩، دووشەممە، ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩١، ١٨ی فێوریيەی ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com


لەبەرەبەری ٢١ی فێوریيە ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی، پیرۆزبایی لە سەرجەم خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەین و هیواداریـن نـەتـەوەی کـورد لە کوردستانی ئێران لە ساباتی ئێرانێکی دێموکراتیك و فێدراڵدا، بتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان وانەکانی ژیان و زانست بخوێنن.

## پـەیـڤ

ناهید حسێنی

### ئێلیناسیۆنی زمانی

پاش پەسەندکردنی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨، لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، گەلێك ڕاگەیەندراو و بەیاننامە لەسەر ئەو بنەمایە و لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا پەسەند کراون کە هەرکامەیان بە نۆبەی خۆیان کاریگەرییان لە سەر چۆنیەتی و شێوازی ژیانی مرۆڤایەتی داناوە. یەکێك لەو ڕاگەیەندراوانە کە ساڵی ١٩٩٦ لە شاری بارسیلۆنای ئیسپانیا پەسەند کرا، «ڕاگەیاندراوی جیهانیی مافە زمانییەکان» بوو. پێویستیی بوونی وەها ڕۆژێك و هۆکارەکانی واژۆکردنی لە لایەن دامەزراوە و ڕێکخراوە ناحکومییە جیهانییەکانەوە گرینگی و بەهای «زمان»مان وەك فاکتەرێکی بنیاتنەر لا بەرجەستە دەکاتەوە.

لە بەشی سەرەتای ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە کە:

«بە ڕەچاوکردنی ئەویکە زۆربەی ئەو زمانانەی کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە پەیوەندییان بەو کۆمەڵە خەڵکانەوە هەیە کە مافی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیان نییە و ئەوەیکە ئەو هۆکارە سەرەکییانەی کە پێش بە پەرەسەندنی ئەو زمانانە دەگرن و ڕەوتی جێگرتنەوەی زمانێکی دیکە لە بری ئەوان خێراتر دەکەنەوە، بریتین لە نەبوونی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەر بۆ ئەوان و سیاسەتی حکومەتەکان، کە پێکهاتەکانی سیاسی و ئیداری و زمانی خۆیانیان بەسەردا دەسەپێنن».

لە سۆنگەی ئەو سەپاندنە زمانییەوە، بوون و شوناسی زمانی یەکەم واتە زمانی دایکیی مرۆڤ تووشی هەرەسهێنان و فەوتان و کاڵبوونەوە دەبێت و مرۆڤ تووشی ئێلیناسیۆنی زمانی دەبێت. هەر لەو پێوەندییەشدا دیاریکردنی ڕۆژێك بە ناوی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایك، ئەو ڕۆڵە بنیاتنەرەی زمانمان زیاتر بۆ دەردەخات.

لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا، فرەزمانی تایبەتمەندییەکی سروشتییە، بەڵام کاتێك ئەو تایبەتمەندییە سروشتییە بەهۆی بەرژەوندیخوازی و سەرەڕۆیی دەسەڵاتی ناوەندیی زاڵەوە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بە بیانووی هەبوونی زمانی فەرمی و گشتگیر و لە ڕوانگەی یەك دەوڵەت و یەك نەتەوەوە، هەوڵی بە ناسروشتی کردنی دەدرێت، کێشە و گرفتی کۆمەڵە زمانییە جیاوازەکان هەر لە یەکەم قۆناغەکانی تێکەڵ بوونیان بە کۆمەڵگای گشتییەوە سەرهەڵدەدات.

قوتابخانەکان وەك یەکەم قۆناغی دابڕان لە زمانی دایکی و ناسینی زمانی فەرمیی دەسەڵات بۆ منداڵەکانی کۆمەڵگای فرەنەتەوە دێتە هەژمار. ڕۆڵی قوتابخانە لە گەشە و پێشکەوتنی منداڵدا حاشاهەڵنەگرە، بەڵام گەلێك دیاردەش لەو پێشکەوتنەدا دەور دەگێڕن، وەکوو ڕادەی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی و هەروەها پلاندارێژی بۆ نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان. کە هەردووکی ئەو خاڵانە و گەلێك خاڵی دیکەش دەگەڕێتەوە سەر زمانی پێوەندی لەو بوارەدا و لە ڕاستیدا لە نابەرابەرییەکی زمانی و دەرفەتەکاندا خۆی دەبینێتەوە. منداڵ تووشی بەرکەوتنێکی کولتووری دەبێتەوە، هەست بە جیاوازی دەکات و لە یەکەم هەڵسەنگاندنیدا لە خۆی، تووشی خۆبەکەمزانین و داڕمانی هەستی باوەڕبەخۆبوون دەبێت، داهێنانە زمانییەکانی خۆی لەدەست دەدات و ناچار بە فێربوونی زمانی زاڵ دەبێت.

## بان کی موون:

# ئێران نابێت ببێتە کۆریای باکوور

بـان کـی مـوون دەڵـێ وڵاتانی جیهان هێشتا نەهاتوونەتە سەر ئەو بڕوایە کە پڕۆگرامە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی لایەنی سەربازی نییە و ئـەگـەری ئـەوە هەیە ئێران لـە وتـووێژەکـان وەك سەرپۆشێ بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی کەڵك وەرگرێت.

سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵـێ ئـەم ڕێکخراوە یـا دەبـێ هـەرچـی خـێراتـر لەمەڕ کارامەیی دیپلۆماسی بۆ ڕەوانەوەی نیگەرانییەکانی کۆمەڵگای جیهانی لەمەڕ پڕۆگرامی ناوکی کۆماری ئیسلامی دادوەری بکات یان ریسکی ئەم مەترسییە کە ئێران لە وتووێژە ناوکییەکانی لەگەڵ ئاژانسدا وەك «سـەرپـۆشـی» بـۆ دروستکردنی چەکی نـاوکـی کـەڵـك وەردەگـرێ، قەبووڵ بکات.



بان کی مـوون لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی «واشینگتۆن پۆست»ی ئامریکایی کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٧ی ڕێبـەنـدان بڵاو کرایـەوە، ڕایگەیاند کە خوازیاری خێراییدان بە دانووستانە دیپلۆماتیکەکان لەگەڵ ئێراندایە و وەها کردەوەیەکی بە «پێویستییەکی خێرای نوێ» زانی.

ناوبراو بە شوبهاندنی ئێران لەگەڵ کۆریای باکووردا وتی: «نابێ کاتێکی زیاتر بە ئێرانییەکان بدەین و نابێ کاتکوژی بکەین، چونکوو دیتمان لەمەڕ کۆماری دێموکراتیکی گەلی کۆریا چی ڕووی دا.»

ناوبراو هەروەها ڕۆڵی ئەنجومەنی ئاسایشی بـۆ چـارەسـەریـی کێشەی پڕۆگرامی ناوکی ئێران بە گرینگ وەسف کرد و گوتی ئەم ئەنجومەنە دەبێ «بە دژکردەوەیەکی بەهێز، سوور، کاریگەر و خێرا» بە ئێران پیشانی بدا کە وڵاتانی جیهان هێشتا نەهاتوونەتە سـەر ئـەو بـڕوایـە کـە پڕۆگرامە ناوکییەکانی لایەنی سەربازیی نییە.

لە خولێکی نوێی وتووێژەکانی ئێران و ١+٥ کە بڕیارە لە ئاڵماتی پێتەختی قەزاقستان بـەڕێـوە بچێت، نوێنەری ڕێـکـخـراوی نـەتـەوە یەکگرتووەکان و کـاتـریـن ئـەشـتـۆن، نـوێـنـەری باڵای یەکیەتی ئۆرووپا، ئامادە دەبن. کاترین ئەشتۆن پێشتر ڕایـگـەیـانـدووە کـە لە چاوپێکەوتنی ٨ی ڕەشـەمـە (٢٦ی فـوریـە) لـە ئاڵماتی چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی نییە.

## یەمەنییەکان دژی دەستێوەردانەکانی ئێران دروشمیان دا

خەڵکی یەمەن بە دروشـمـی «دادگایی کردنی بکوژان بۆ دابینبوونی دادپەروەری»، لـە زۆربـەی شـارەکـانـی ئـەم وڵاتـە بە دژی دەستێوەردانی ئێران لە وڵاتەکەیان دروشمیان دا.

بە پێی ڕاپۆرتی ئەلعەرەبییە، لە خۆپیشاندانی مەیدانی «ئەلستین» لە سەنعا پێتەختی یەمەن، فوئاد ئەلحمیری لێدوانێکی دا و بە کاربەدەستانی ئێرانی وت:» بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئامریکا پێویست بە هاتنتان بۆ یەمەن نییە، ئامریکا لە دراوسێیەتی خۆتاندا لە ئەفغانستان و عێراق ئامادەیە.»

شەوقی ئەلقازی، لـێـدوانـدەری مەیدانی ئـازادی لـە شـاری تـەغـز بـە هێماکردن بۆ دەسبەسەرداگرتنی هەناردەی چەك و چۆڵی ئێرانی، بە ئامادەبووانی وت: «گەلۆ دەزانن کە ئەم بارە چەك و چۆڵە بۆ کوشتنی ئێوە لە لایەن ئێرانییەکانەوە قاچاخ دەکرێ.»

ئەلقازی هاوکاری لەگەڵ قاچاخچیانی چەك و چۆڵی «خیانەت» بە خەڵکی یەمەن و شەهیدەکانی شۆڕشی ئەم وڵاتـە زانـی و خـوازیـاری ڕووبـەڕوو بـوونـەوەی دەوڵەتی وڵاتەکەی لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا بوو.

نـاجی عـەبولسەمیع لـە وتـووێژ لەگەڵ ئەلعەرەبییەدا وتی: «دەستێوەردانەکانی ئێران لە یەمەندا، ئەمڕۆکە بۆ هـەمـوان ڕوون و ئاشکرایە، بە وتەی ئەوان لە ڕێگای قاچاخی چەك و چـۆڵ بـۆ یـەمـەن یـان پشتیوانییە ماڵییەکانی لـە هـەنـدێك لـە گرووپەکان، لـە هـەوڵـی تـێـکـدانـی بـاری تـەنـاهـی ئەم وڵاتەدایە.»

حکوومەتی ئێران لە مێژە بە پشتیوانی کـردن لـە گـرووپـە بـنـاژۆخـوازە شێعەکان و گرووپە چەکدارەکانی دیکەی وەکوو گرووپی تێرۆریستی ئەلقاعیدە، لە هەوڵی ئاژاوەنانەوە لە یەمەن و بەدەستهێنانی پێگە لە ناوچەی هەستیاری «باب المندب»دایە.

سەنعا بە فەرمی داوای لە تاران کردووە، کە کۆتایی بە دەستێوەردانەکانی لە یەمەندا بێنێ.

## ڕیاز حەجاب:
## ئێران سوورییەی داگیر کردووە

ڕیـاز حـەجـاب، سـەرۆك وەزیرانی پێشووی سـووریـە کـە چـووەتـە ڕیزی دژبـەرانـەوە، گـوتـوویـە کۆماری ئیسلامیی ئـێـران لـە سـووریـەدا بە شێوەیەکی بەهێز چالاکە و ئەم وڵاتە لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە داگیر کراوە.

هـەروەهـا ڕیـاز حـەجـاب گوتوویە کە تەنانەت ڕێژیمی ئاڵمانی نازیش تاوانێکی ئەنجام نـەداوە وەك ئەوەی بەشار ئەسەد بەرامبەر بە خەڵکی سووریە ئەنجامی دەدا.

پـێـشـتـر مـەهـدی تـائـیـب، بەرپرسی قـەرارگـەی ستراتیژیکی عـەمـار (دامـەزراوەی بەرەنگاربوونە لـەگـەڵ شـەڕی نـەرم لـە کۆماری ئیـسـلامـی) ڕۆژی پێنج شەممە ٢٦ی ڕێـبـەنـدان، لـە ئـاپـۆڕای خوێندکارانی بەسیجیدا گوتبووی:» سووریە پارێزگای سی و پێنجەم و پارێزگایەکی ئیستراتیژیکە بۆ ئێمە. ئەگەر دوژمن هێرش بکاتە سەرمان و بیهەوێ سووریە یان خوزستان داگیر بکات، بەرگری کردن لە سووریە بۆ ئێمە گرینگترە».

ئەو بە هێماکردن بۆ پێویست بوونی هـێـزە بەسیجییەکان بـۆ بەڕێوەبریی شـەڕی شـاری گـوتبووی: «سووریە سوپای هەبوو، بەڵام توانای کۆنترۆڵ کردنی شـەڕی نێو شارەکانی نەبوو. هـەر بـەم هـۆیـەشـەوە ڕێـژیـمـی ئێران پێشنیاری کرد کە بۆ کۆنترۆڵکردنی شەڕی نێو شارەکان، هێزی بەسیج پێك بێنن.»

بەرپرسی قەرارگەی عەمار ئەوەشی زیـاد کـرد کـە: «بەسیجی سووریە بە ٦٠هـەزار ئەندامی حیزبوڵلاییەوە دامەزرا و بووە هۆی ئەوەی شەڕ لە نێو شەقامەکاندا لە سوپای سووریە وەربگرێتەوە.»

## نوێنەری حیزبی دێموكرات لە سلێمانی لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی دامەزرانی حیزبی یەكگرتوویی ئیسلامیی كوردستان بەشداری كرد



ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی ١٨ی ڕێبەندان هەیئەتێكی پێوەندییەكانی حیزبی دێموكرات لە سلێمانی بە سەرپەرستیی محەممەد ساحێبی بەرپرسی پێوەندییەكان لە شاری سلێمانی بەشداریی لە ١٩مین ساڵیادی دامەزراندنی یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان كرد.

شاندی حیزبی دێموكرات بەو بۆنەوە پەیامێكی پیرۆزباییان پێشكەش بە حیزبی یەكگرتوویی ئیسلامی كرد.

## گەڵاڵەی پێشنیار كراوی حیزبی دێموكرات لە شۆرای ئەنترناسیۆنال سوسیالیست پەسەند كرا

گەلاڵەی پێشنیار كراوی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران سەبارەت بە پێشێلكردنی مافی نەتەوەكانی ئێران، لەلایەن شۆرای ئەنترناسیۆنال سوسیالیستەوە پەسند كرا.

ئەم گەڵاڵەیە زیادبوونی ڕێژەی ئیعدامی چالاكانی سیاسیی كورد، بەلووچ و عەرەبی تێدا گونجابوو و پاش پێداچوونەوە لەلایەن شۆرای ئەنترناسیۆنال سوسیالیستەوە پەسند كرا.

## نوێنەری یەكیەتیی ژنانی دێموكرات، لە كۆبوونەوەی شۆرای ژنانی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیستدا بەشداریی كرد

كۆبوونەوەی ژنانی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیست، بە بەشداریی پەروانە حەیدەری نوێنەری یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە بنكەی سەرەكیی حیزبی سوسیالیست لە شاری «لیسۆن»ی وڵاتی پورتەغال بەڕێوەچوو.

لەو كۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی چەندین وڵات لە ئافریقا، ئاسیا، ئورووپا و ئەمریكا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشدار بوون و كۆبوونەوەكە بە پێشكەشكردنی وتارێك لەلایەن سەرۆكی بەشی ژنان «ناشناڵ دەپارتمێنت» و پارتی سوسیالیستی پورتەغال، دەستی بە كارەكانی كرد.

باسی سەرەكیی ئەم كۆبوونەوەیە،«قەیرانی نالەباری ئابووریی جیهان و شوێندانەریی لەسەر بارودۆخی ژیانی ژنان» بوو و هێندێك لە بەشداران لەو باوەڕەدا بوون كە سیاسەتی نیئۆلیبراڵ (neoliberal) ئەو قەیرانە جیهانییەی دروست كردووە.

هەر لەو كۆبوونەوەیەدا پەروانە حەیدەری وتارێكی پێشكەش كرد و تێیدا ئاماژەی كردبوو كە، زۆربەی حكوومەتی وڵاتەكان بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە ئابوورییە، سیاسەتی زێدەپاشەكەوتی ئابووری، بە تەنیا ڕێگا چارە دەزانن و ئەو ڕێگاچارەیە هەتا رادەیەكی زۆر شوێندانەری نەرێنیی هەبووە.

نوێنەری یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە قسەكانیدا باسی لەوەش كرد كە ژنانی ئێرانیش وەكوو زۆربەی ژنانی وڵاتانی جیهان لەژێر گوشاری ئابووریدان، بە تایبەتی ژنانی ئەو نەتەوانەی كە لە ئێراندا دەژین، وەك ژنانی كورد، ئازەری، عەرەب، بەلووچ و توركمەن. ئەو بارودۆخە نالەبارە ئابوورییەی كە لە ئێراندا پێك هاتووە، هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتە نادروستەكانی بەرپرسانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران و وتیشی: ئەو بارودۆخە نالەبارە ئابوورییە لە پێش هەموو شتێكدا شوێندانەری نەرێنیی لەسەر ژیانی ژنان و كچان هەبووە.

پەروانە حەیدەریی داوای لە بەشدارنی كۆبوونەوەكە كرد كە پشتگیری و پشتیوانیی سیاسی و مەعنەوی لە نەتەوەكانی چەوساوە و ژنانی بێبەشی ئێران بكەن.

لە كۆتاییدا بڕیارنامەیەك لە ژێر ناوی «قەیرانی ئابووریی جیهان و شوێنەوارەكانی لەسەر ژنان» پەسند كرا و داوا لە وڵاتانی ئەندامی ئینترناسیۆنالی سوسیالیست كرا كە بە مەبەستی چارەسەری ئەو پرسە، هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵبگرن.

## بەشداریی هەیئەتێكی حیزبی دێموكرات لە شۆرای ئینترناسیۆنال سوسیالیست

ڕێكەوتی ١٦ی ڕێبەندان بەرپرسی پێوەندییەكانی دەرەوەی حیزبی دێموكرات، لە شاری كەسكاشیایی وڵاتی پورتەغال بەشداریی لە كۆبوونەوەی شۆرای ئینترناسیۆنال سوسیالیستدا كرد.

ڕۆژەڤی ڕۆژی یەكەمی ئەم شۆرایە تایبەت بوو بە تاوتوێكردنی پرسی ئابووری جیهان و پرسی ئاسایش و دێموكراسی و هەروەها بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی وڵاتی «مالی».

هەر لەو پێوەندییەدا هەیئەتی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە كۆبوونەوەیەكی تایبەتدا لەگەڵ چەند حیزبی دیكەی هەر چوار پارچەی كوردستان، پرسی چالاك كردنی گرووپی كوردان و هاوئاهەنگی و هاوكاری كردن لە نێو سوسیالیست ئینترناسیۆنالدا هێنایە گۆڕێ.

هەیئەتی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە میانەی یەكەمین ڕۆژی شۆراكەدا چەندین چاو پێكەوتن و دیداری لەگەڵ چەندین حیزبی بەشدار لەم شۆرایە ئەنجام دا. لەم دیدار و چاوپێكەوتنانەدا هەیئەتی حیزب روانگە و سیاسەتی حیزبی دێموكراتیان بۆ پێكهێنانی ئێرانێكی دێموكراتیك، سێكۆلار و فیدراڵ هێنایە گۆڕێ. هەروەها هەلومەرجی نالەباری مافی مرۆڤ لە ئێران و كوردستان و ڕۆڵی كۆماری ئیسلامی لە نانەوەی ناسەقامگیری و ئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هاتە بەرباس.



لەم دیدارو چاوپێكەوتنانەدا هەیئەتی حیزبی دێموكرات پێیان لەسەر پێویستیی پشتیوانیی بزووتنەوەی دێموكراتیكی نەتەوە ستەم لێكراوەكانی ئێران كرد و ڕۆڵی كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فێدراڵیان وەكوو یەكێك لە ئەڵتێرناتیڤە دێموكراتیكەكانی هەرە بەهێزی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران، گرینك نرخاند.

## شاندێكی پێوەندییەكانی حیزبی دێموكرات لە هەولێر سەردانی «پارتی كرێكاران و ڕەنجدەرانی كوردستان»ی كرد

شاندی پێوەندییەكانی حیزبی دێموكرات لە هەولێر بە سەرپەرستی محەممەد ساڵح قادری بە مەبەستی پیرۆزبایی دامەزرانی ١٨ ساڵەی پارتی كرێكاران و ڕەنجدەرانی كوردستان سەردانی سكرتاریای ئەو حیزبەیان كرد.

لەو سەردانەدا محەممەد ساڵح قادری بەرپرسی دەفتەری پێوەندییەكانی حیزبی دێموكرات لە شاری هەولێر و ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی، پیرۆزبایی لە ئەندامانی ڕێبەری پارتی كرێكاران و ڕەنجدەرانی كوردستان كرد.

ئەو شاندە لەلایەن ساڵح كاكەیی و هەڤاڵ ڕزگار ئەندامانی مەكتەبی سیاسیی پارتی كرێكاران و ڕەنجدەرانی كوردستان پێشوازییان لێ كرا.

لەو چاوپێكەوتنەدا گۆڕانكارییەكانی ناوچەكە بە تایبەت ئێران تاوتوێ كرا و تیشك خرایە سەر گرینگیی ڕۆڵی كورد لەو گۆڕانكارییانەدا.

## نوێنەری حیزبی دێموكرات لە فەڕانسە لە كۆنگرەی حیزبی كۆمۆنیستی ئەو وڵاتە بەشداریی كرد

لەسەر بانگهێشتی فەرمیی حیزبی كۆمۆنیستی فەڕانسە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە فەڕانسە خوسرەو عەبدوڵڵاهی لە ٣٦مین كۆنگرەی ئەو حیزبە كە لە ڕێكەوتەكانی ١٩ تا ٢٢ ی ڕێبەندان لە شاری «سەن سان» بەڕێوەچوو، بەشداریی كرد.

لەم كۆنگرەیەدا وێڕای بەشداریی ٧١٦ نوێنەری فیدراسیۆنەكانی حیزبی كۆمۆنیستی فەڕانسە، زیاتر لە ١٠٠ نوێنەری حیزبەكانی كۆمۆنیست، دێموكرات و پێشكەوتنخوازەكانی سەرانسەری جیهان بەشداری ئەو كۆنگرەیە بوون.

لە پەراوێزی كارەكانی ٣٦مین كۆنگرەی حیزبی كۆمۆنیستی فەڕانسە، نوێنەرایەتیی حیزبی دێموكرات لەگەڵ چەندین كەسایەتیی حیزبیی فەڕانسە و جیهان دیدار و چاوپێكەوتنی پێك هێنا.

## هاودیتنی شاندێكی حیزبی دێموكرات و سكرتێری UNPO



ڕێكەوتی ١٨ی ڕێبەندان، شاندێكی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی لوقمان ئەحمەدی، ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەكانی حیزبی دێموكرات لە دەرەوەی وڵات، سەردانی دەفتەری UNPO لە شاری برۆكسێل، پایتەختی وڵاتی بلژیكی كرد و لەگەڵ «مورینیۆ بۆسداچین»، سكرتێری UNPO كۆ بووەوە.

لەم دیدارەدا لەسەر دوایین ڕووداوەكانی ئێران بەگشتی و كوردستان بەتایبەتی و پێوەندی و هاوكاریی حیزبی دێموكرات لەگەڵ حیزبە كوردییەكان و ئەو حیزبانە كە ئەندامی كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فێدراڵن، باس كرا.

لەم پێوەندییەدا شاندی حیزب ئاماژەی بە بڕیارەكانی كۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموكرات كرد و هەڵویست و سیاسەتی حیزبی لە پێوەندی لەگەڵ پێویستیی پتەو كردنی پێوەندی و هاوكاریی حیزبە كوردییەكان و ئەو حیزبانەی كە بۆ مافی نەتەوە ستەملێكراوەكانی ئێران خەبات دەكەن، خستە ڕوو.

لە درێژەی ئەم دیدارەدا لەسەر بەرنامەی كاری داهاتووی بەشی پێوەندییەكانی حیزبی دێموكرات لە دەرەوەی وڵات و ئەو گرینگییە كە حیزبی دێموكرات بە ڕێكخراوی UNPO دەدا، باس كرا.

لەم پێوەندیەدا ئەحمەدی وتی: UNPO ڕێكخراوێكە كە گرینگییەكی تایبەتی هەیە بۆ گەلی كورد لە كوردستانی ئێران و حیزبی دێموكرات وەكوو نوێنەری كوردستانی ئێران لەنێو ئەم ڕێكخراوەدا، سپاسی هاوكاری و پشتیوانیی UNPO بۆ پرسی كورد بەتایبەتی و پرسی نەتەوەكانی ئێران بە گشتی دەكەین.

لە بەشێكی دیكەی ئەم كۆبوونەوەدا بەڕێز بۆسداچین ڕۆڵی حیزبی دێموكرات و كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی بەرز نرخاند لە بەرپەچدانەوەی سیاسەتەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران و پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە كە حیزبی دێموكرات و كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فێدراڵ دەتوانن، لە دێموكراتیزە كردنی ئێراندا ڕۆڵێكی چارەنووسسازیان هەبێت.

## بەشداریی شاندێكی حیزبی دێموكرات لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی كۆمەڵە لە وڵاتی سوێد

ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی ٢١ی ڕێبەندان شاندێكی كۆمیتەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ـ سوێد، لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی كۆمەڵەدا بەشداریی كرد.

ئەو ڕێوڕەسمە بە بەشداریی نوێنەری حیزب و ڕێكخراوە كوردستانییەكان، ئێرانی و سوێدی بەڕێوەچوو و پەیامی كۆمیتەی حیزب لە وڵاتی سوێد لەلایەن مەولوود عەبدێلزادە، بەرپرسی بەشی پێوەندییەكانەوە پێشكەش كرا.

لەم پەیامەدا وێڕای ئاماژە بە ڕێككەوتننامەی ئەم دواییەی حیزبی دێموكرات و كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران، جەخت لەسەر یەكگرتن و یەكڕیزی هەموو لایەنەكان لە كوردستانی ئێران، بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی گەلی كورد كرابوو.

## شاندێكی كۆمیتەی حیزبی دێموكرات لە دانمارک لە سالڕۆژی دامەزراندنی ریكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران (كۆمەلە)دا بەشداری كرد

شاندێكی كۆمیتەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ـ شیلەند لە ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕێكخراوی كوردستانیی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران (كۆمەلە)دا بەشداریی كرد.

شاندی كۆمیتەی «شیلەند» پێكهاتوو لە سەعید سۆلتانپوور، دیار مۆلایی و ئۆمێد حەسەنزادە و بە هاورێیەتیی دەنیز بەرخوەدان لە ٣٤مین ساڵڕۆژی دامەزرانی كۆمەڵەدا بەشدارییان كرد.

شاندی كۆمیتەی حیزب لە «شیلەند» بەو بۆنەوە پەیامی پیرۆز بایی كۆمیتەیان پێشكەش بە ڕێوڕەسمەكە كرد.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی دامەزراندنی رێکخراوەکەی راگەیاند



یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتیی تێکۆشەر و نەتەوەیی، رۆژی دامەزرانی خۆی راگەیاند.

٢٣ی رێبەندان یەکیەتیی لاوان کۆبوونەوەیەکی بۆ بەرێزان حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، پرۆفسۆر دوکتور عێزەدین مستەفا رەسووڵ، مومتاز حەیدەری، سەید عەلی رەحمانی و جەلیل گادانی کەسایەتییەکانی تێکۆشەری نەتەوەی کورد، تاهیر مەحموودی و دارا ناتق ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات و لوقمان عەبدوڵلازادە ئامادەکاری مێژووی رێکخراوی لاوانی رێکخست.

لەو کۆبوونەوەیەدا رۆژی ٣٠ رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩ی فێورییەی ١٩٤٦ی زایینی، بە شێوەیەکی سەمبولیك وەك رۆژی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیاری کرا.

## سێ هاووڵاتیی کورد بە شێوەیەکی گوماناوی، بەدەستی هێزە ئینتزامییەکان کوژراون

**پاوە:**

رێکەوتی ٢١ی رێبەندان هاوڵاتییەکی کوردی خەڵکی ناوچەی پاوە لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانی «بەخشی باینگان»ـەوە دەسبەسەر کرا.

عەبدولقادەر ئەشدەری ناوی ئەو هاووڵاتییەیە کە لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانی سەربە پاسگای «درۆڵـە» دەسبەسەر و دەیبەنە گرتنگەی ئەو ناوەندە نیزامییە.

عەبدولقادر دوای لێدانی لەرادەبەدەر ئازاد کراوە، بەڵام ئەو هاووڵاتییە بەهۆی برینی قووڵ و ئازار و ئەزیەتی زۆر، لە شوێنێك بە ناوی کلکەکەی شەرگە لە ئاوایی کانیسالار کەوتۆتە ناو رووبارێکەوە و گیانی لەدەست داوە.

**مەریوان:**

لە درێژەی کوشتنی گوماناوی هاووڵاتییانی کورد، «عیسا غوڵام وەیسی» لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانی سەربە «کەلانتەریی ١١»ی شاری مەریوانەوە زۆر بێبەزەییانە کەوتبووە بەر لێدان و کوتان گیانی لەدەست دابوو.

**بۆکان:**

هاشم پینەچی کوڕی محەممەد، خەڵکی ئاوایی «جامەرد»ی بۆکان ماوەی مانگێك لەمەوپێش لە شەقامی وەلیعەسری شاری تاران لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر کراوە و چەند رۆژ لەمەوبەر بە شێوەیەکی گوماناوی گیانی لەدەست داوە.

## سێ کۆڵبەری کورد لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانەوە گیانیان لێئەستێنرا

سێ کۆڵبەری کوردی خەڵکی شاری مەهاباد، لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانەوە لە ناوچە شاخاوییەکانی شاری بانەوە فڕێ دراونەتە خوارێ و لە ئەنجامدا گیانیان لەدەست داوە.

چوار کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی عەلی کوڕی مام نادر، جەلال رۆستەمنژاد کوڕی محەممەد، هوشیار رۆستەمنژاد کوڕی محەممەد و رزگار مەعروفی ئازەر کوڕی کەماڵ لە ناوچەی شەهابەدینی بانە کەوتوونەتە بۆسەی هێزە ئینتزامییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

یەکێك لەو کۆڵبەرانە بە ناوی عەلی لەدەستی ئەو هێزانە رزگاری دەبێ و لەکاتی هەڵاتنیدا کەوتۆتە سەر مینی چێنراو و بەو هۆیەوە لاقێکی لەدەست داوە.

هێزە ئینتزامییەکانی رێژیمی ئێران ئەو سێکۆڵبەرەی دیکە دەسبەسەر و دوای بەستنی دەست و لاقیان لە چیای «سوورکێو» فڕێیان داونەتە خوارێ.

تەرمی ئەو سێ لاوە کوردە رێکەوتی ٢١ی رێبەندان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە دەرهێنراونەتەوە.

## دادگای «ئێران تریبوونالّ» رێژیمی ئێرانی بە تاوان لە دژی مرۆڤایەتی مەحکووم کرد

دادگای «ئێران تریبوونالّ» لە راگەیەنراوێکدا رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە ئەنجامدانی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی مەحکووم کرد.

لە سەرەتای ئەم راگەیەنراوەدا هاتووە: بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هاوچەرخی ئێران و جیهاندا، گرووپێك لە بنەماڵەی قوربانییانی کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسیی دەیەی ٦٠ و بەشێك لە زیندانیانی سیاسیی ئەو دەیە و بە هاریکاریی بەربڵاوی چالاکانی سیاسی، کرێکاری و خوێندکاری، یەکسانیخوازانی نێوان ژن و پیاو، دادگایی کردن و موحاکمەی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان لە پاییزی ساڵی ١٣٨٦ـەوە دەست پێ کرد.

راگەیەنراوەکە پرژاوەتە سەر ئەوەش کە، «ئێران تریبوونالّ» دادگایەکی خەڵکییە و رەوایی خۆی نەك لە دەوڵەت و رێکخراوە سیاسییەکان، بەڵکوو لە خەڵك وەردەگرێت.



پاش ٥ ساڵ هەوڵ و تێکۆشان و کاری بەردەوام بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە و دابینکردنی پێداویستییە ماڵییەکانی دادگا، دادگای ئێران تریبوونالّ رێژیمی ئیسلامیی ئێران بە ئەنجامدانی تاوان دژی مرۆڤایەتی مەحکووم کرد.

## کەسایەتییەکی بەناوبانگی ناوچەی سەردەشت کۆچی دوایی کرد

رێکەوتی ١٧ی رێبەندان ئەحمەد عەلیپوور ناسراو بە ئەحمەد ئایشەگوڵێ خەڵکی گوندی «قەلەڕەش» و کەسایەتیی خۆشناو و بەناوبانگی ناوچەی سەردەشت کۆچی دوایی کرد.

ئەحمەد عەلیپوور تێکۆشەرێکی ناسراو و بەناوبانگی سەردەمی خەباتی چەکداریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو و ماڵ و مەزراکەشی هەمیشە شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی پەژارەی خۆی لە خەمی لەدەست دانی ئەحمەد ئایشەگوڵێ، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکات.

## فەرماندەیەکی سەردەمی کۆماری کوردستان کۆچی دوایی کرد

فەرماندەیەکی سەردەمی کۆماری کوردستان لە ناوچەی ورمێ بەهۆی نەخۆشیی لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

«حوسێن ئیسماعیلزادە» خەڵکی گوندی «مەڕنە» سەربە ناوچەی «سۆمای برادۆست» بەهۆی نەخۆشی لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد.

مام حوسێن سەرەڕای کەمبوونی تەمەنی بەهۆی لێهاتوویییەوە وەکوو فەرماندەی سپای میللیی کوردستان هەڵبژێردرا و پاش رووخانی کۆماریش دەستی لە خەبات و تێکۆشان بەر نەدا و لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا مایەوە و پاشتریش لە شۆڕشی ساڵەکانی ٤٦ ـ ٤٧دا بەشداریی کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای دەربڕینی هاوسۆزی و هاوخەمیی خۆی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی مام حوسێن دەکات و خۆی لە خەمیاندا بە بەشدار دەزانێت.

## کەسایەتییەکی ئایینیی ناوچەی پیرانشار کۆچی دوایی کرد

مامۆستا «عەبدوڵلا عومەری» خەڵکی گوندی «تووژەڵێ»ی ناوچەی لاجانی پیرانشار ماڵاوایی لە ژیان کرد.

حاجی عەبدوڵلا عومەری مەلای گوندی «گەرگوول»ی ناوچەی لاجان بوو و ئەو کەسایەتییە ئایینییە کەسێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر بوو.

ئەو مامۆستا ئایینییە لە ساڵەکانی ١٣٦٠ـەوە هەتا ١٣٦٢ ئەندامی «کۆمیتە ناوچە»ی حیزبی دێموکرات لە لاجان بووە و بە دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی وەك دادوەرێك بەڕێوە بردووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی حاجی مەلا عەبدوڵلا دەکات.

## ئەندامێکی لە مێژینەی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی ورمێ کۆچی دوایی کرد

نەعمان سعادەتیان کوڕی حاجی سەعید و خەڵکی شارۆچکەی راژانی سەربە شاری ورمێ بەهۆی نەخۆشی، کۆچی دوایی کرد.

نەعمان سعادەتیان یەکێك لە ئەندامانی لە مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دۆست و خەمخۆری بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بوو.

ناوبراو لە سەردەمی خەباتی چەکدارنەی حیزب دا زۆر جار هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردبوو و هەمیشە خۆی بە رێبوارێکی رێگای شەهیدان دەزانی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەعادەتیان دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداری خەمیان دەزانێت.

## دایک و باوکی چەند شەهیدی رێگای رزگاریی کوردستان کۆچی دواییان کرد

**سەردەشت:**

مام ئەحمەد تێکۆشەرێکی ناسراو و باوکی محەممەد ئەمین مەحموودی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

مام ئەحمەد لە بزووتنەوەی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ هاوڕێ لەگەڵ شەهید مەلا ئەحمەد شەڵماشی لە ناوچەی سەردەشت و دەوروبەریدا چالاکی و تێکۆشانی هەبووە.

محەممەد ئەمین مەحموودی کوڕی مام ئەحمەد رێکەوتی ٩ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٤ بە هۆی تەقینەوەی مین لە ناوچەی سەردەشت شەهید بوو.

**ناوچەی سۆما لە ورمێ:**

رێکەوتی ١٦ی رێبەندان دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکرات بە ناوی «سەیران تۆسەن» کچی «حاجی سەبری»، خەڵکی ئاوایی «کووران»ی سەربە ناوچەی سۆما بەهۆی پیری لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دایە سەیران دایکی «خۆسرەت خودادی» شەهیدی حیزبی دێموکرات بوو.

ئیبراهیم محەممەدی خەڵکی ئاوایی «ئاچەقەلی»ی سەربە ناوچەی سۆمای ورمێ بەهۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ئیبراهیم محەممەدی برایەکیشی بە ناوی «عەبدولسەلام محەممەدی» لە ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتدا شەهید بووە.

**ناوچەی سندووسی نەغەدە:**

رێکەوتی ١٥ی رێبەندان دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکرات بە ناوی «گوڵێ ئەزەردیو» خەڵکی ئاوایی کەرێزەی ناوچەی سندووسی شاری نەغەدە بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

دایە گوڵێ دایکی «بایزید تەپەڕەشی» شەهیدی حیزبی دێمۆکرات بوو.

تەرمی دایکی ئەو شەهیدە لەنێو خەم و پەژارەی خەڵکی گوندی کارێزەی شکاکان لە ناوچەی سندووس بە خاك سپێردرا.

**مەهاباد:**

رێکەوتی ١٦ی رێبەندان کەسایەتییەکی شاری مەهاباد بە ناوی حاجی ئەحمەد مەولانژاد ماڵاوایی لە ژیان کرد.

حاجی ئەحمەد کەسێکی نیشتمانپەروەر بوو و هەر بەو هۆیەشەوە ٥ کەس لە ئەندامانی بنەماڵە وخزمەکانی بە تۆمەتی هاوکارکردنی حیزبێکی کوردی لە گرتووخانەدان.

ریش سپیان و کەسایەتییەکانی شاری مەهاباد داوایان لە ناوەندە پێوەندیدارەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردبوو کە کوڕ و نەوەی دەسبەسەرکراوی حاجی ئەحمەد بۆ رێوڕەسمی بەخاك سپاردنی ئەو خوالێخۆشبووە ئامادە بن، بەڵام ئەو داواکارییە رەت کرایەوە.

**بۆکان:**

زێنەب کوچکە دایکی «مەنسوور محەممەدپوور» شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەلکی میراوای بوکان لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا مالاوایی لە ژیان کرد.

دایە زێنەب هەر لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشت و پەنای هێزی پێشمەرگە بووە و هەمیشە ماڵەکەی شوێنی حەسانەوەی پێشمەرگەکانی دێموکرات بووە.

تەرمی دایە زێنەب لە شوێنی لەدایك بوونی لە ئاوایی عەزیزکەند ئەسپێردەی خاك کرا.

**سەرپێڵی زەهاو:**

«ئەحمەد مورادی» کوڕی ساڵح خەڵکی ئاوایی «برق و باران»ی سەربە دەشتی زەهاو، بەهۆی نەخۆشیی دڵ لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستان ماڵاوایی لە ژیان کرد.

کاك ئەحمەد ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکرات و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکە حیزبیەکانی بەجێ گەیاندووە.

تەرمی کاك ئەحمەد بە بەشداری دۆستان و خزم و کەسەکانی لە شاری کەلار لە هەرێمی کوردستان ئەسپەردەی خاك کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانی دایە گوڵێ، سەیران، کاك ئیبراهیم، حاجی ئەحمەد، مام ئەحمەد، دایە زێنەب و کاك ئەحمەد دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# شەڕەتیمساح لە ئاکواریۆمی رێژیمدا

■ سەلام ئیسماعیلپوور

کێشەی نێوخۆیی تاڵانچیانی خوانی مافیایی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا گەیشتۆتە قۆناغە هەستیارەکانی خۆی، بەجۆرێك کە هەڕەشە و پیلانەکانی مۆرە ورد و درشتەکانی رێژیم لە یەکتر، لە نێو زەلکاوی گەندەڵی و رانتخۆریدا، تەنانەت رێبەری رێژیمی لە چارەسەری ئەو قەیرانەدا تووشی دۆشدامان و سەرلێشێواوی کردووە.

دوایین سێکانسی ئەم سێناریۆیە کە بە تێکهەڵچوونی سەرکۆماری دەستنیشانکراوی خامنەیی و سەرۆکی مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەستی پێکرد، نیشاندەری ئەوپەڕی قەیران لە خێوەتگەی کۆنەپەرستیدا بوو.

ئەم قەیرانە، ئاشکراترین و ریسواترین نموونەکانی گەندەڵی، بێ‌رەوشتی، لۆمپەنیزم و پیلانگێڕی لە هەستیارترین و سەرەکیترین پۆستەکانی دەسەڵاتێکدا دەرخست کە بەرپرسانی، خۆیان بە میراتگری ئایین و رەوشت و دادگەری دەزانن. ئەحمەدی‌نژاد، سەرکۆمارێك کە بۆ خۆی پەیکەرەیەکی تەواو لە شەڕخوازی، ساختەکاری، لۆمپەنیزم و تاوانکارییە، بەهۆی دەسەڵاتی ٧ساڵەی لە پۆستی سەرکۆماریدا و پشتیوانیی بێ ئەملا و ئەولای رێبەری رێژیم، بە زووترین کات قۆناغەکانی سەرکەوتنی لە وەها سیستمێکدا تێپەڕاند و ئەگەرچی تا رادەیەك دەرنگ وە خۆ کەوتبوو بۆ ئەوی جێگای خۆی لە نێو تاڵانچیانی گەورە و سەرکردەکانی مافیای دەسەڵاتدا بکاتەوە، بەڵام بەهۆی ئامادەبوونی فاکتەرە یارمەتیدەرەکان، ئەو بوێرییەی لە خۆیدا بینی کە بازنەی دیاریکراوی دەسەڵاتەکانی خۆی تێپەڕێنی و یەك لە دوای یەك، باڵە جۆراوجۆرەکانی رێژیم و سەرکردەکانی تاقمە جیاوازەکانی بخاتە پەراوێزەوە. چەپ، راست، کارگوزاران، موشارکەت، موئتەلیفە، رەفسەنجانی، خاتەمی، کەڕووبی، مووسەوی، ناتق نووری و... لەو تاقم و کەسایەتییە بەهێزانەی رێژیم بوون کە لە ماوەی ئەو ٧ساڵەدا یەك لە دوای یەك، بە پشتیوانی، یان بێدەنگیی لایەنگرانەی خامنەیی و پشتگیریی تاقمە چەکدار و ئەمنیەتییەکان و کارتێلە مەزنە ئابوورییەکان، لە چەقی بازنەی بڕیاردانی رێژیمەوە بەرەو پەراوێزەکانی بازنە پاڵیان پێوە نرا و لە بەرانبەر ئەم رکابەرە نوێیەدا دەسەڵاتی رەها و دەستڕۆیشتوویی بەربڵاوی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا لە دەست دا.

ئەحمەدی نژاد و تاقمی سەربازی ـ ئەمنییەتیی پیشتیوانی ئەو کە پشتگیریی خامنەیی لەوان لە بەرانبەر گوشاری رای گشتیی نێوخۆیی و دەرەکی و تاقمە رکابەرەکان لە دەسەڵاتدا، هەڵگری تێچوویەکی سیاسیی قورس بۆ خامنەیی و رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە گشتی بوو، تەنانەت لەم دەرفەتەش، واتە لاواز بوونی هێز و ئۆتۆریتەی رێبەری رێژیم (کە لە راستیدا خەرجی پاراستن و مانەوەی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد کرابوو) بۆ بەزاندنی سنووری هێژموونیی خامنەیی کەڵکیان وەرگرت و هەرئەم نموونەی دواییەش دەربڕی بەرەنگاربوونەوەی تاقمی ئەحمەدی‌نژاد ـ مەشایی بەرانبەر بە خامنەیی و دەستوپێوەندییەکانیانە. ئەم هەڵسوکەوتەی ئەحمەدی نژاد بەرانبەر بە خامنەیی بۆتە هۆی ئەوەی کە کەسانی دیکەی نێو رێژیمیش چیتر وەك جاران ملکەچی رەهای بڕیار و هەڕەشەکانی رێبەر نەبن، تا ئەو جێگایەی کە باسکردن لە «رۆڵی یەکلاکەرەوەی رێبەر» بۆتە گاڵتەجاڕێکی کۆن و هیچ کام لە تاقمەکانی دەسەڵات گوێڕایەڵی هات و هاوارەکانی ئەو نەبن ـ کە زیاتر داماوی و دەستەوەستانیی رێبەر نیشان دەدەن ـ و رووخانی کۆشکی هەیمەنەی نێوبەتاڵی لە پێش چاوی هەموان نیشان بدەن.

کێشەی نێوان ئەحمەدی‌نژاد و برایانی لاریجانی کە ئێستا بۆتە کێشەی دەوڵەت لە گەڵ دەسەڵاتەکانی دادوەری و یاسادانانی رێژیم، کاتێك دەستی پێکرد کە ئەحمەدی‌نژاد پاش دامرکاندنی راپەڕینی شەقامەکان لە ساڵی١٣٨٨دا، بەرەبەرە لە خامنەیی دوورکەوتەوە و تەنانەت هێندێك جار، وەك نموونە لابردنی حەیدەر موسلحی، وەزیری ئیتلاعات، بە راشکاوی لە بەرانبەر بڕیاری روون و رەهای وەلیی فەقیهدا کەوتە لاساری و ملنەدان. لێرەوە بوو کە لاریجانییەکان (سادق، محەممەد جەواد، عەلی، محەممەدباقر و فازڵ) سەرنجی رێبەریان بۆ لای خۆیان راکێشا و لە جیاتی ئەو، دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژادیان بە شێوەی جۆراجۆر تووشی کێشە کرد. یەکەم بڵێسەی ئەم ئاگرە لە لایان عەلی موتەهەری،کوڕی ئایەتوڵڵا مورتەزا موتەهەری و برای ژنەکەی عەلی لاریجانییەوە هەڵکرا کە بە هێنانەگۆڕی گەلاڵەی لێپرسینەوە لە سەرکۆمار لە مەجلیسدا و باسکردنی هێندێك بابەتی وەك گەندەڵی و رانتخۆریی محەممەد رەزا رەحیمی، جێگری یەکەمی ئەحمەدی نژاد، گەندەڵیی سەرکۆماری خاکەڕا!! و دەوڵەتی میهرو عەداڵەت و خەبات دژبە گەندەڵکاریی ئاشکرا کرد.

گوشاری مەجلیس و دەزگای دادوەری بۆ لابردن و لێپرسینەوەی جێگری ئەحمەدی نژاد، بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەویش لە کردارێکی بەرانبەردا، دۆسیەی گەندەڵی و تاڵانچیەتیی محەممەدجەواد لاریجانی، سەرۆکی ستادی مافی مرۆڤی ئیسلامی لە دەزگای دادوەریدا بێنێتە کایەوە و بەرانبەرەکەی خۆی بەشێوەیەکی کاتی بێدەنگ بکات. پرسێکی دیکەی جێی ناکۆکی لەم نێوانەدا، دەسبەسەرکردنی عەلی‌ئەکبەر جەوانفیکر، یەکێك لە راوێژکارە باڵاکانی ئەحمەدی نژاد بوو کە کێشەی نێوان سادق ئاملی لاریجانی و ئەحمەدی نژادی لەسەر سەردانی سەرکۆمار لە گرتووخانەی ئیڤین لێکەوتەوە. هەربۆیە، بەهۆی کێشەی نێوان سەرۆکەکانی دوو دەزگای بەڕێوەبەری و یاسادانان بوو کە خامنەیی لە لێدوانێکی هەڕەشەئامێزدا رایگەیاند: «لە ئەمڕۆ بەدواوە، تا کاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، هەر کام لە بەرپرسانی نیزام (رێژیم) کە بیهەوێ بە زەقکردنەوەی کێشە نێوخۆییەکانی رێژیم، خۆراکی تەبلیغی بۆ دوژمنان و میدیا بیانییەکان ئامادە بکات، بە دڵنیاییەوە خەیانەتی کردووە». وێدەچوو ئەم لێدوانە ئاگراوییە کۆتایی بە ناکۆکییەکان بێنێت و لایەنەکان چیدی نەوێرن لە بەرانبەر ئەو هەڕەشەیەدا خۆڕاگری بکەن. بەڵام زۆری نەخایاند کە ئەحمەدی‌نژاد بە گوشارهێنان بۆ سەر مەرزیە وەحید دەستجردی، وەزیری تەندروستی بۆ لابردنی موحەممەد باقر لاریجانی لە بەرپرسایەتیی خۆی لەم وەزارتەدا دیسان ئاگری ناکۆکییەکانی هەڵکردەوە. بەڵام بەوەش کۆتایی نەهات و پێداگریی ئەحمەدی‌نژاد لە سەر دانانی سەعید مورتەزەوی، دادوەری گەندەڵ و سەرکوتکەری رێژیم وەکوو سەرۆکی رێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی (تامین اجتماعی)، بەربەرەکانێی توندی تاقمەکانی دەوروبەری لاریجانییەکان لە مەجلیس و دەزگای دادوەریی لێکەوتەوە و دۆسیەی گەندەڵیی مورتەزەوی بوو بە ئامرازێك بۆ گوشار هێنانی لاریجانییەکان بۆ سەر ئەحمەدی‌نژاد. دوابەدوای بانگکردنی شێخولئیسلامی، وەزیری کاری دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد، سەرکۆماری رێژیم بە ئامادەبوونی خۆی لە مەجلیسدا و بڵاو کردنەوەی فیلمێك لە پێشنیاری بەرتیلی فازڵ لاریجانی، برای بچووکی لاریجانییەکان، بە سەعید مورتەزەوی کە هەڵگرتنی ئەو فیلمەش لە لایەن مورتەزەوییەوە پەردەی لە سەر قووڵایی گەندەڵی و پیلانگێڕانی باو لە نێوان بەرپرسانی باڵای رێژیمدا هەڵدایەوە، ناکۆکییەکانی گەیاندە قۆناغی بێ‌گەڕانەوە و حاشاهەڵنەگر. دژکرداری بە پەلەی دەزگای قەزایی لە مەڕ دەستبەسەر کردنی مورتەزەوی، هەڕەشەی توندی ئەحمەدی‌نژادی بە دواوە بوو و ناوبراو رایگەیاند لە گەڕانەوەیدا لە سەردانەکەی بۆ میسر، بە دواداچوونی ئەو دۆسیەیە دەکات. ئەمجارەش هەڕەشەکانی ئەحمەدی‌نژاد بە ئاکام گەیشت و مورتەزەوی بە بێ هیچ روونکردنەوەیەك ئازاد کرا. خامنەییش بە گلەیی‌کردن لە بێ‌رەوشتییەکانی بەرپرسانی رێژیمەکەی، بەڵێنیی ئەوەی دا کە لە داهاتوودا ئەم مەسەلەیە لەگەڵ خەڵك (واتە گۆپاڵ بەدەستانی گوێ لە مستی رێبەر کە لەم جۆرە رێژیمانەدا پێیان دەڵێن خەڵك) باس بکات.

بەڵام ئەحمەدی‌نژاد دیسانیش وازی نەهێناوە و ئاماژەکان وا نیشان دەدەن کە رێگە نەدات بەربەرەکانێی نێوان ئەو و رێبەری رێژیم، بەبێ دۆڕان، یان هەڵگرتنی تێچوویەکی قورس بۆ وەلیی فەقیە، بە قازانجی خامنەیی تەواو بێت. قووڵتر بوونی ئەم قەیرانە، ئەحمەدی‌نژاد و تاقمی بەهێزی پشتیوانی ئەو بەرەو پێکدادانێکی راستەوخۆ لەگەڵ وەلی فەقیە هان دەدات، بە جۆرێك کە کەسانی نزیك لە ئەحمەدی‌نژاد دەگێڕنەوە کە گوتوویە: «ئەگەر بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە رێبەر بڵاو بکەمەوە، ئاغا (خامنەیی) دەبێ عاباکەی بە سەر خۆیدا بکێشێت و لەم وڵاتە بڕوات».

# گەندەڵی ئابووری و چەواشەی دووبارەی راستییەکان

■ ناسر ساڵحی ئەسڵ



کاتێك باس لە گەندەڵی ئابووری لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکرێت، هەمیشە فاکتەری سەرەکی گەندەڵی ئابووری خودی بەرپرسانی باڵای رێژیم بوون و هەن. چونکوو ئێرانی ژێر دەسەڵاتی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری رێژیمی ئیسلامی، جیا لە سەرکوت و خەفەقانی گەلانی ئێران و جیابیرانی سیاسی و هزری، لە بواری ئابووریشەوە کۆمەڵگای ئێران کراوتە گۆڕەپانی گەندەڵی ئابووری، رشوە، بەرتیل وەرگرتن و رانتخۆری بەرپرسانی باڵای رێژیم.

بە سەرنجدان بە بارودۆخی ئابووری نەخۆش و شپرزی ئێران، بوونی زیاتر لە ٢٠میلیۆن کەس لە ژێر هێڵی هەژاری، نرخی بالای ٥٠٪ی ئاوسانی ئابووری، چوونەسەری قیمەتی کاڵا و خزمەتگوزاری گشتی، بێکاری، کەمی داهاتی سەرانە و تالان و دزی سەروەت و سامانی وڵات لە لایەن بەرپرسانی رێژیمەوە، ژیانی خەڵکی ئێران و بە تایبەت چینی هەژار و کەم داهاتی نەتەوەکانی ئێرانی تووشی کێشە و گرفت کردەوە.

کێشە نێوخۆییەکانی باڵی (ئوسوونگەرا)ی رێژیمی کۆماری ئیسلامی تا دێت زیاتر پەرە دەستێنێ. لە رۆژی ٥ی رێبەندانی ئەمساڵدا سەرۆك کۆماری رێژیم، مەحمودی ئەحمەدی نژاد لە کاتی وەرگرتنەوەی دەنگی مەتمانە مەجلیس لە وەزیری کارو باری کۆمەڵایەتیی لە مەجلیسی شورای ئیسلامی پەردەی لە سەر دزی و گەندەڵی ئابووری و رانتخۆری برایانی لاریجانی و بەتایبەت فازیل لاریجانی هەڵدایەوە. لەو فایلە دەنگییە کە لە مەجلیس بڵاوکرایەوە، فازیل لاریجانی داوای ٣٠میلیارد تمەن رەشوە و بەرتیل لە سەعیدی مورتەزەوی بەرپرسی رێکخراوی کاروباری کۆمەلایەتی (سازمانی تامین اجتماعی) دەکات. هەر لەم کۆبوونەوەیدا عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیس، سەرۆك کۆماری رێژیمی بە گەندەڵی ئابووری و بێ رەوشتی تۆمەتبار کرد و وتی: داود ئەحمەدی نژاد برای سەرۆك کۆمار زۆر شتی وەك گەندەڵی ئابووری رەشوە و بەرتیل وەرگرتن و رانتخۆری سەرکۆماری و نزیکانی ئەوی ئاشکرا کردوە.

هەر لەو ماوەیەدا حەسەن بیادی جێگری شورای شاری تاران پەردەی لە سەر دۆسیەی ٣٢٠ میلیاردتمەنی تێچووی بێ بەڵگەی شارەوانی تاران لە سەردەمی مەحمودی ئەحمەدی نژاد هەڵدایەوە.

هەروەها رۆژنامەی ئالمانی (بیلدام زونتاگ) لە رێکەوتی ١٣ی رێبەنداندا بڵاوی کردوە کە لە جانتای یەکێك لە موسافیرەکانی فرۆکەخانەی دۆسلدۆرف، چکێ بە بڕی ٣٠٠میلیۆنی بولیواری و نزوئیلا، بەرانبەر بە ٧٠میلیۆن دۆلار لە لایەن بەرپرسانی ئەو فرۆکەخانەیەوە دەستی بە سەردا گیراوە. لە راگەیەنە گشتییەکاندا بڵاو بووە کە خاوەنی ئەو چەکە بانکییە کەسێکە بە ناوی (تهماسب مەزاهەری) سەرۆکی پێشووی بانکی ناوەندی ئێران لە ساڵەکانی ١٣٨٦تا ١٣٨٧ . هەروەها دەوڵەت لە گەڵا کەمی بودجە، چوونە سەری تێچووی دەوڵەت، دابەزینی چالاکییە ئابوورییەکان، دابەزینی نقدینگی و حسابی درێژخایەنەکانی بانکی و قەرزدار بوونی ٤٧هەزار میلیارد تمەنی دەوڵەت بە سیستمی بانکی بەرەوڕوویە.

ئێستا لە بازارەکانی ئێراندا نرخی کاڵا و خزمەتگوزاری گشتی رۆژانە دەگۆڕێ، سەقامگیری ئابووری لەوڵاتدا بوونی نیە. ئاوسان و گرانی چینی هەژار و کەم داهاتی تووشی کێشە و گرفت کردەوە. لەوەها بارودۆخیکدا رێژیم بە پێدانی یارمەتی و هاوکاریماڵی بە گرووپە تیرۆریستییەکان و بە تایبەت گرووپی تیرۆریستی حیزبوڵڵای لوبنان و هەزینە کردنی لە رادەبەدەری بۆ دەست پێراگەیشتن بە چەکی ناوکی. سەروەت و سامانی نەتەوەیی وڵات بە فیڕۆ دەدات.

هەر بۆیە رەوشی ئێستا رێژیمی کۆماری ئیسلامی چ لە بواری ئابووری و چ لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە سەقامگیر نییە.

ئەم شەڕە دزییە و رەشوە و بەرتیل وەرگرتن و گەندەڵی ئابووری لە سەر سەروەت و سامانی وڵات گەلانی ئێران لە نێوان باڵی ناسراو بە «ئوسوولگەرا» رێژیمدا گەیشتووتە چنگ و ددان نیشاندان بە یەکتر و لەقاودانی یەکتر. دیارە ئەو شەڕەدز و لەقاودانەی بەرپرسانی رێژیم شتێکی نامۆ نییە، بەڵکوو لە ماوەی ٣٤ساڵ دەسەڵاتداری کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئێسلامی بوونی هەبووە و هەیە.

هەر بۆیە چەواشەکردنی دووبارەی راستییەکان بە لەقاودان و یەکتر تۆمەتبار کردن بە دزی و گەندەڵی ئابووری و رانتخۆری و رەشوە و بەرتیل وەرگرتنی بەرپرسانی باڵای رێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ پێوەندییەکی بە گەڕانەوەی سەروەت و سامانی وڵاتەوە نییە، بەڵکوو تەنیا شەڕەدز لە سەر سەروەت و سامانی نەتەوەیی و بە تاڵان بردنی زیاترە و ئەگەر جارجارە دەگاتە ئاستی بیرو ڕای گشتی و راگەیەنە گشتییەکان، نیشانەی لاواز بوونی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە راگرتن و یەکگرتوویی مۆرەکانی خۆیدایە.

# ٢٢ی ڕێبەندان و ئاکامەکانی

■ دارا ناتق

گەلانی زوڵملێکراو و چەوساوەی دەستی ڕێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی، لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، بە مەبەستی ڕزگاربوون لە زوڵم و بێدادی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەربازبوون لە نەهامەتی، سەرکوت، زەبروزەنگ و کۆیلایەتی، سەرهەڵدانێکی سەرتاسەرییان وەڕێخست. سەرهەڵدانێك کە سەرجەم نەتەوە و چین و توێژە جوراوجۆرەکانی کۆمەڵگای زوڵملێکراوی وڵات بە شێوەیەکی ئەکتیف و لە پێناو ڕزگاری و وەدیهێنانی ئازادی و دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتیەکانی سەرجەم نەتەوە بندەستەکانی وڵات و دابینکردنی سیستمێکی ئازاد و دێموکراتیك لە سەر بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی وەك یەك لە نێو سەرجەم پێکهاتەی وڵاتدا، بەشدار بوون. شۆڕشێك کە بە نرخی گیان و فیداکاری گەلی تینووی ئازادی و سەربەستی، سەرئەنجام لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، کۆتایی بە دەسەڵاتی ٥٠ ساڵەی بنەماڵەی پەهلەوی هێنا و دوائاسەواری ڕێژیمی پاشایەتیان لەنێو برد.

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا دەمانەوێ هەڵوێستەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە، بەداخەوە ئاخوندەکان لە ژێر تیشکی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی خومەینی و هاوبیرانیدا، بەکەڵکوەرگرتن لە کەش و هەوای دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و بەتایبەتی کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هەستی ئایینی و ئازادیخوازانەی خەڵك و دانی کۆمەڵێك بەڵێن و دروشمی چەواشەکارانە، ئامانجەکانی شۆڕشیان بە لاڕێدا برد و دەستکەوتەکانی ئەم شۆڕشەی کە بە خوێنی هەزاران لاوی ئازادیخوازی وڵاتەکەمان ئاودێر کرابوون بە تاڵان بران. خومەینی و هاوبیرانی هەر زوو توانییان پەڕ و باڵی نگریسی خۆیان لە ڕێگای کۆمەڵێك وادە و بەڵێنی ناڕاست و فریودەرانە بە سەر وڵاتدا بکێشن و لە ڕێفراندۆمێکی نادێموکراتیکدا، لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، خەڵکیان ناچار کردبوو لە نێوان ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا یەکێکیان هەڵبژێرن و لەم پێوەندییەدا دەرەتانی بەشداریکردنیان بە هیچ هێز و ڕێکخراوێکی دیکە نەدا کە بێنە گۆڕەپانی هەڵبژاردن و ململانەی ئەو ڕێفراندۆمە و لەئاکامدا بە ناڕەوا ڕەوایـان بەخشی بە دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆیان. ڕێفراندۆمێك کە هەرئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نادێموکراتیك و فریودەرانە لە قەڵەمی دا و لە هەڵوێستێکی مێژوویدا، بایکۆتی ڕێفراندۆمی کرد.

هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن خومەینی و هاوبیرەکانیەوە و پاشەگەزبوونەوە لە هەموو ئەو بەڵێنە فریودەرانەی کە بە خەڵکیان دابوو، جارێکی دیکە بوو بە هۆی بەرهەم هاتنەوەی دیکتاتۆری و چارەنووسێکی لێڵ و نادیار و کەوتنە داوی مرۆڤگەلێکی دڕندە کە وەك گورگی هار ئازادیخوازانی وڵاتیان ڕاماڵی و وڵاتیان بە تەواوی میلیتاریزە کرد.

کۆماری دیکتاتۆری ئیسلامی کە لە سەر بنەمای عەقلیەتی سەدەکانی نێوەڕاست و مرۆڤکوژانەی خومەینییەکان دامەزرابوو بە شێوەیەکی نادێموکراتیك و خۆسەپێنانە دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، بە شێوەیەکی هۆڤانە و بە مێتۆدگەلێکی نامرۆڤانە دەستیان دایە سەرکوت و زەبروزەنگی ئازادیخوازانی وڵات و پێشیان بە هەر جۆرە پێڤاژۆیەکی ئازادیخوازانە گرت و وەڵامی خواستە ڕەواکانی خەڵك و بەتایبەت نەتەوەکانی ئێران و یەك لە وان نەتەوەی مافخوازی کوردیان بە ئاگر و ئاسن دایەوە. خومەینی لە فەتوایەکدا کە بە دژی گەلی کورد ڕایگەیاند، شەڕێکی سەرتاسەری لە کوردستاندا وەڕێخست و بە هەزاران خەڵکی بێ تاوانی کوردستانیان قەتل و عام کرد و سەدان گوندیان وێران و چۆڵ کرد. دەستیان دایە گرتن و کوشتن و ئێعدامی ڕۆڵە مافخوازەکانی وڵات و بە سەدان کەس لە ئازادیخوازانی وڵاتەکەمانیان لــــــه گرتووخانەکاندا گوللەباران کرد.

> **بێزاری خەڵك لە ڕێژیم و پەرەسەندنەوەی هەرچی زیاتری ناڕەزایەتی خەڵك لە ڕێژیم ، بە جۆرێکە کە خەڵك لە هەر دەرفەتێك بۆ دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بە دژی ئەو ڕێژیمە کەڵك وەردەگرن.**

قەدەغەکردن و سەرکوتی هەرجۆرە تێکۆشانێکی مەدەنی و ئازادیخوازانە، توانەوەی فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەکان و جێگیرکردنی فەرهەنگی شین و تازیە و ڕەشپۆشی لە وڵاتدا، ئەمنییەتی کردنی کەش و هەوای وڵات، دامەزراندنی زۆرترین ناوەندی سیخوری و سەرکوتی خەڵك، داخرانی زانکۆ و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان و پەرەدان بە ناوەندە ئایینیەکان و گۆڕینی نێوەڕۆکی ماددە دەرسییەکان لە سەر بنەمای ئەقلیەتی دواکەوتوانەی ویلایەتی فەقیە و دەیان دیاردەی نەخوازراوی دیکە کە دیاری و بەرهەمی سیاسەتی ڕێژیمی خومەینی بوون. سیاسەتی پاوانخوازی و شەڕخوازانەی ڕێژیم لە ئاستی جیهانی و هەرێمیشدا، واتە پەرەدان بە تیرۆریزم، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە، شەڕی ماڵوێرانکەری ٨ ساڵە لە گەڵ عێراق، هەوڵدان بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، گوێنەدان بە ویست و خواستەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و دەیان دیاردەی دزێوی دیکە کە بە تەواوی ڕێژیمی ئێرانی خستووەتە ژێر توندترین گەمارۆکانی جیهان و ڕێژیم بە تەواوی تەریك کەوتۆتەوە. سیاسەتێك کە بە تەواوی ئابووری وڵاتی فەڵەج کردووە و بێکاری، گرانی، هەڵاوسان و سەدان دیاردەی نەخوازراوی کۆمەڵایەتی کە کەمەری خەڵکی فەقیر و هەژاری ئێرانی لە ژێر باری قورسی نەهامەتییەکانی ژیاندا شکاندوو. بێزاری خەڵك لە ڕێژیم و پەرەسەندنەوەی هەرچی زیاتری ناڕەزایەتی خەڵك لە ڕێژیم ، بە جۆرێکە کە خەڵك لە هەر دەرفەتێك بۆ دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بە دژی ئەو ڕێژیمە کەڵك وەردەگرن.

هەنووکەش ئێمە دەبینین کە ڕێژیم لە ساڵڕۆژی شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران و بە قەولی خۆیان ئینقلابی ئیسلامیدا، بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توندی ئەمنییەتی و بە هەڕەشە و بە زۆرەملێ هێنانی خەڵك بۆ سەر شەقام، بە ئامادەباشی ئەمنییەتی لە سەرتاسەری وڵات لە ترسی ئەوەی کە خەڵکی بێزار لە کۆماری ئیسلامی ئەو ڕۆژە نەکەنە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری بە دژی ئەو ڕێژیمە، یادی بە قەولی خۆیان شۆڕش و سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی دەکەنەوە. یادێك کە سەرەڕای هەوڵی بێوەچان و هەڕەشەی بەردەوامی ڕێژیم بە بەشداری کەمی خەڵك بە تایبەت لە شارە کوردنشینەکاندا بەڕێوە چوو.

# ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی و دۆخی زمانی نەتەوەکانی ئێران

■ عارف وەلزی

زمانی دایکی شوناس و ئاوێنەی باڵانوێنی بەهاکانی هەر نەتەوەیەك و هەروەها سەرەکیترین فاکتەرە بۆ پاراستنی یەکڕیزی نەتەوەیی و پەرەپێدانی میراتە مادی و مەعنەویەکانی هەر نەتەوەیەك. گرینگی زمانی دایك وەك کۆڵەکەیەك بۆ پێشکەوتنی فەرهەنگ و کلتوری هەر نەتەوەیەك و هەروەها بۆ یەکیەتی نێوان نەتەوەکان لەسەر بنەمای وتووێژ و لەیەك تێگەیشتن، فەرهەنگێکە کە جیهانی ئەمڕۆ پێویستی پێیەتی.

لە ڕۆژی ٢١ فوریەی ساڵی ١٩٥٢دا، لە زانکۆی داکای پێتەختی بەنگلادش، خۆپیشاندانێك بە بۆنەی بەفەرمی ناسینی زمانی بەنگالی لە پاکستان ڕێکخرا کە دواتر لەلایەن پۆلیس و ئەرتەشی پاکستان، کە ئەو کات داکا بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی پاکستان بوو سەرکوت کرا. ئەم ڕووداوە مێژووییەی داکا لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە گرینگی زمانی دایکی لە جیهانی ئەمڕۆدا، بوون بە هاندەرێك کە لە ساڵی ١٩٩٩دا، ڕێکخراوی فەرهەنگی یونسکۆ لە سیهەمین دانیشتنی خۆیدا، ٢١ فوریە وەك ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی دیاری بکات و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٨دا، ئەم ڕۆژە لەلایەن کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بە فەرمی ناسرا و هەر بۆیە هەموو ساڵێك لە گۆشە و کەناری جیهاندا، بەبۆنەی ڕێزگرتن لە زمانی دایك لەم ڕۆژدا ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچێ.

هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان و دابەش بوونی بەسەر چوار وڵاتدا، ڕێخۆشکەر بوو کە، سیاسەتی پانتورکیزم لە تورکیە، تەعریب لە سووریە و عێراق و فارسیزم لە ئێراندا، بە درێژایی مێژوو لەسەر تەوەری تواندەوەی نەتەوەیی، فەرهەنگی و زمانیی نەتەوەی کورددا بسوورێتەوە. ڕاستە کە دەبینین لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردن هەیە و لە پەرەپێدان و پاراستنی زمانی کوردی بە هەموو زاراوەکانیەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هێشتا خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە خوێندنگاکاندا قەدەغەیە و تەنانەت، حاشا لە نەتەوەبوونی دەکرێ.

بۆ نموونە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، کە تەنانەت ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی لە ڕۆژژمێری فەرمی ئەو وڵاتەدا نەگونجاوە، بەهۆی سیاسەتی تواندنەوەی هەمەلایەنەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، کە یەکێك لەوان نەتەوەی کوردە، زمانی کوردی دەرەتانی گەشەی بە شێوەی پێویست بە خۆیەوە نەبینیوە . لە وەها دۆخێکدا پێویستە نەتەوەی کورد بە لەبەرچاو گرتنی گرینگی زمانی کوردی و ئەو هەڕەشە و مەترسییانە کە روویان لە مەوجودییەتی ئەم زمانە کردووە، ڕۆژی جیهانی زمانی دایك بکەنە هاندەر و دەسپێکێك کە، هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان هاودەنگ و هاوتەریب، بۆ بەرەوپێشچوون و پەرپێدانی زمانی کوردی هەنگاو هەڵێنن و بەتایبەت هاندەر بن بۆ لاوان و منداڵانی نەتەوەکەمان کە خاوەنی داهاتوون، تا لە پێناو باشتر ناسین و باشتر فێربوونی زمانی کوردیدا وەك ئەرکێکی نەتەوەیی تێ بکۆشن.




## ڕۆژهەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### دەورێکی نوێ لە وتووێژەکانی تاران و وڵاتانی پێنج زێدە یەک

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی «MSN» کاترین ئەشتۆن، بەرپرسی کاروباری دەرەکی یەکیەتیی ئورووپا ڕۆژی چوارشەممەی حەوتووی ڕابردوو داوای لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد تا لە وتووێژەکانی ئەم مانگەی لەگەڵ شەش زلهێزی جیهان لە پێناو نەهێشتنی کێشەکانی لێکەوتەی بەرنامە ناوکییەکەی، لە خۆی نەرمی نیشان بدات. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: «پێنج ئەندامی هەمیشەیی شووڕای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ـ ویلایەتە یەکگرتووەکان، بریتانیا، فەڕانسە، ڕووسیە و چین ـ ڕۆژی ٢٦ی فێوریە لە قەزاقستان بە ئاڵمان و ئێران پەیوەست دەبن تا دوایین خولی وتووێژەکان لە هەوڵێکی حەوت ساڵە بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی ناوکیی یەك دەیەیی لەگەڵ ئێران بەڕێوە ببەن.»

ئاشتۆن لە کۆبوونەوەیەکی شووڕای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەم بارەوە وتوویەتی: «ئێمە هیوادارین کە ئێران بە نەرمینواندنەوە بێتە وتووێژەکەوە و بەمەش ئێمە دەتوانین بەرەوپێشچوونی بەرچاومان هەبێ».

کۆماری ئیسلامی بە هۆی ڕەدکردنەوەی ڕاوەستاندنی بەرنامەی پیتاندنی ئورانیۆم کە لە لایەن شووڕای ئاسایشەوە داوا کراوە، ڕووبەڕووی چوار دەور گەمارۆی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین گەمارۆی توندتری یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا بووەتەوە».

ئاشتۆن وتی، یەکیەتیی ئورووپا ئەرکدار بووە بە درێژەدان بە ستراتیژیی دووفاقیانەی ئاوێتەکردنی گوشار و دیالۆگ. ئەو وتی: «هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە گوشارەکانی گەمارۆکان لە گەڕانەوەی ئێران بۆ بۆ سەر مێزی وتوویژ ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. بەڵام گەمارۆکان بۆ خۆیان نابنە کۆتاییەك، ئەوەی چارەنووسسازە بۆ ئێران، ملدانی تەواو بە بەڵێنییە نێونەتەوەییەکانیەتی».

لە کاتێکدا ئەشتۆن بۆ جارێکی دیکە جەختی لەسەر درووستبوونی سیاسەتی ناسراو بە «گۆپاڵ و گێزەر» لەمەڕ بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی کردووەتەوە، باراك ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا باسی لە لەبەردەستدابوونی هەموو بەربژارەکان لە ئەگەری ملنەدانی ڕێژیمی تاران بە داخوازییەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی کردووەتەوە.

بەپێی هەمان ڕاپۆرت، باراك ئۆباما لە وتاری ساڵانەی خۆی لە خیتابەی یەکیەتیدا وتی زلهێزەکانی جیهان لە خواستیان بۆ کەڵکوەرگرتن لە دیپلۆماسی بۆ پێشگرتن بە ئێران تا پەرە بە چەکی ئەتۆمی نەدات، یەکگرتوو بوون. ئەو هەر لەو کاتەدا دەرکەی شێوازەگەلێکی وەك بەکاربردنی هێزی ئاوەڵە هێشتەوە. ئۆباما وتی: «ڕێبەرانی ئێران دەبێ بزانن کە ئێستا کاتی چارەسەرییەکی دیپلۆماتیکە، چوونکە یەکیەتییەك بە یەکگرتوویی ڕاوەستاوە تا ئەوان ئەرکەکان بەجێ بگەیێنن و ئێمە ئەوەی پێویست بێ لە پێناو پێشگرتن بەوان لە گەیشتن بە چەکێکی ناوکی دەیکەین».

ئەگەرچی وتەکانی ئەمدواییانەی ئاشتۆن و ئۆباما نوێ نین و درێژەی هەمان سیاسەتی چەند ساڵی ڕابردووی ڕۆژئاوا لەمەڕ بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامین، بەڵام ڕادەی جەختکردنەوەیان لەسەر وتووێژەکانی ٢٦ی فێوریە و کاریگەری ئاکامەکەی، نیشان لە وەڕێکەوتنی دەورێکی نوێ لە سیاسەتی «گۆپاڵ و گێزەر» لە بەرامبەر تاران دەدات.

# شێعری مارف ئاغایی پاش پازدە ساڵ لە مەرگی، هەر باڵ دەکات

مارف یەك لەو کەسایەتیە گەنجە کۆچ کردوانە و یەکێك لە دەنگە دیار و ڕچەشکێنە پشوو درێژ و بیرمەندەکانی بواری شێعری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە کاریگەریی ئێجگار زۆری لەسەر بیروڕای لاوان، ئەدیبان و بەتایبەت ڕەوتی شێعری نوێی کوردی هەبووە کە مێژووی خۆی بە دیدێکی شارستانیانە دەخوێندەوە و هەر بەو دیدەشەوە لە سەرەتا و قووڵایی مێژووەوە، گوێی لە بانگەوازی مرۆڤی سروشت دۆستی نیشتمانەکەی خۆی دەگرت. مارف ویستی پەیامی دەرد و ئازاری نەتەوەکەی بە هونەری شێعر دەر ببڕێ، نەك بە قسەی ڕووت و دروشمی سیاسی و پاڕانەوە و لالانەوەی ڕۆمانسیانە، کە بۆتە سیما و ڕواڵەتی زۆرینەی شاعێرانی ئەم سەردەمە، تەقەلای مارف لە شێعردا تەقەلایەك بوو بۆ گۆڕانی بنەڕەتی بە تەنیا، نەك لەناو دەستە و تاقمێکدا، هەر چەند مارف بە دڵنیایی و وشیارییەوە دەیزانی ئەم تەقەلایە بەرە و تەنیایی و دابڕانی دەبات و لە هەموو قووڵایی هەستیەوە هەستی بە تەنیایی دەکرد، بەڵام ئەو هەستەش کۆڵی پێ نەدا و بەرە و لووتکە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە. ئەم گیانی تەنیاییەی شاعێر، کە لە ئاکامی هەڵوەدایی و گەڕان بە دوای ناسنامەیەکی تایبەتی و جیاوازدا، لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڕای ڕەخنەگەران، ترس و گومانێکە، کە لە نەستی شاعێردا دروست بووە... ئەم ترس و گومانەش بەرەنجامی ئەندازە و ڕادەی ورە و بوێری شاعێرە، بۆ جێهێشتن و تێپەڕاندنی سنووری کەش و هەوای شێعری سەردەم کە ئەو شەپۆلە شێعرییەی لە ئامێز گرتبوو کە مارفی تێدا دەژیا. واتە مارف چەندە هەوڵی دەدا لەو یاسا و تایبەتمەندییە گشتییانەی شێعری دەروبەری خۆی یاخی بێت و دوور بکەوێتەوە، کە مارف لەم بەستێنەشدا زۆر سەرکەوتنی بەدەس هێنا، وەك ئەوانەی دەیانهەوێ لە زیندان ڕابکەن، یان ئەوانەی دەیانهەوێ لە یاسا و نەریتی کۆنی خێڵ یاخی بن، یان ئەوانەی دەیانهەوێ لە کاروان دوور بکەونەوە، بەڵام دوور کەوتنەوەی مارف لە یاسا و کاروان و ڕاکردن لە زیندان، بانگەواز و هەڕەشەیەکی نهێنی و شاراوە بوو کە لە قووڵایی ڕۆح و هەناویدا ئابڵۆقەی دابوو کە هانی دەدا بۆ نوێبوونەوە و هانی دەدا بۆ گەڕانەوە بۆ ئامێزی ئەو کۆمەڵە پێوەندی و بیرەوەری و پاشخانە فەرهەنگییەی کە پێی پەروەردە کرابوو. کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەم دیاردەیە لە ئەدەب و هونەر و بوارەکانیتری کۆمەڵایەتیدا بەرەنجام و دەرهاویشتەی ڕەنگدانەوە و جێ پەنجەی میرات و کولتوور و فەرهەنگی نەوەکانی پێشووتر بوون لەسەر یەکتر.

مارف ئاغایی شاعێری نوێخواز و پشوو درێژی کورد ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی «وەزنێ»سەر بەشاری نەغەدە ـ ناوچەی «سندووس» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە.

کوڕی حاجی محەممەدی ئاغایی لە بنەماڵەی «پاشایی»یە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری نەغەدە تەواو کرد.

لە گەرمەی خوێندنی ناوەندیدا لەگەڵ بنەماڵەکەی چوونەتە «شنۆ». لەوێش لە قۆناغی ئامادەییدا کە تێیدا ساڵێك زیندانی کراوە، لە خوێندن دابڕاوە.

ساڵی ١٩٨٥ هاوکات لەگەڵ دامەزرانی بنکەی ئەدەبی و فەرهەنگی و گۆڤاری «سروە»دەستی بە بڵاو کردنەوەی شێعر و بەرهەم کردوە و دوو ساڵ دواتریش لە هەمان گۆڤار بۆتە ئەندامی دەستەی نووسەران.

ئاکامی تەقەلاکانی بووە مایەی بەرفراوان بوونی جۆغرافیا و خوێنەری گۆڤاری «سروە».

ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ ئازەری سەمسامی ژیانی هاوبەشی دەست پێکرد و کچ و کوڕێك بە نێوی شەونم و پەیام بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان بووە.

لە ساڵانی دووایید بەتاسەوە هەوڵی خۆ فێر کردنی زاراوەکانی زمانی کوردی دەدا و هاوکاتیش لە ماوەیەکی کورتدا فێری زمانی ئینگلیزی بوو و ئاکامی ئەو تەقەلایەش وەرگێڕانی کتێبی «ناسیۆنالیستی کورد» بوو بۆ سەر زمانی کوردی.

### چەند کۆپلە شێعری مارفی ئاغایی

**مانەوە**

ئەم خۆشەویستە دڵڕەقە عیشق پەروەرەی

نە دەتوانم وەکوو کیژێك بیخەمە پاشتەرکی
ئەسپ و

لە ژێر سایەی زێڕەوشانی تریفەی
مانگەشەوێك

هەڵیگرم

نە دەشتوانم هەرگیز دڵی لێ بەردەم و

خۆم گیرۆدەی کۆلکەزێڕینەی شوێنێکی
دیکە بکەم

ناوی: خاکە

ئەم دەریایەی

نە دەتوانم لە جامی چاوەکانمدا ڕایگوێزم
و

نە دەشتوانم لە دووری ئەو

لە ئۆقیانووسی هیچ شوێنێکی دیکەدا

قومە ئاوێك بخۆمەوە

ناوی: خەڵکە

من دەزانم دارستانی هەموو شوێنێك

جریوەی گەرمی چۆلەکە و

ڕووباری هەموو وڵاتێك

دەنگی تاڤگە و ڕەنگی کەف و
پێچ و پەنای ڕیگەی بەرەو

دەریای هەیە

بەڵام چ بکەم لێرە نەبێ

نە گوێم چاکیان دەبیسێت و

نە چاوم چاکیان دەبینێ و

نەگیانم چاکیان هەست دەکا

***

**من و تۆ**

زەوی سەرسەوز و ئاسمان ساف

وە تۆ سەرخۆش

لە نێوان ئەرز و ئاسماندا.

«زەوی سەخت، ئاسمانیش دور»

وە من ماندوو

لە نێوان بەرد و باراندا.

**بەشی کۆتایی قەسیدەیەك بە نێوی «پەیام»**

ئێمە گەڵاین

هەر بە سەوزی هەڵدەوەرین

مناڵین و

هەر لە لاویدا پیر دەبین

جاران خەڵکی وڵاتێك بووم

پاشان بووم بە خەڵکی شارێك

دواتر گوندێك، پاشان ئەشکەوت

ئێستا خەڵکی قوژبنێکم
کە لەشم بشارێتەوە

جاران عاشقی فێعلێك بووم
بە ناو «بارین»

کاتێ دەمبیست بە تاو هەڵدەهاتمە شەقام

یا بەفر بوو یانیش باران

بەڵام ئێستا کە بارینم گوێ لێ دەبێ

سام دەمگرێ

چونکە نازانم گوللەیە یان تۆپ باران.

پاش خزمەت و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و ئەنجامدانی گەلێك کاری بەنرخ و پرۆژەی نوێ لە ناوەندی بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و گۆڤاری سروە، وەك ڕێکخستنی کۆنگرە، کۆنفرانسی ئەدەبی و فەرهەنگی هەر لە ئیلامەوە بگرە هەتا دەگاتە شاری ورمێ و دامەزراندنی پێوەندییەکی زۆر لەگەڵ ئەدیب و نووسەرانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بۆ کاری هاوبەشی فەرهەنگی، ڕۆژی ٢٥ ڕێبەندانی ١٣٧٦، دووای گەڕانەوەیان لە پرسەی «مینا خانم»ی خێزانی «پێشەوا قازی»، لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروە، لە مەهابادەوە بەرەو ورمێ، لە کاتێکدا لەگەڵ هاوڕێکانی لە ڕەوتی پەنجاساڵەی ئەدەبی کوردی دەدوا، بە کارەساتی دڵتەزێنی ئۆتۆمۆبیل، لەگەڵ دوو هاوڕێی تری، کاك جەعفەری قازی و کاك سەرتیپ مەنسووری، دڵە سەوز و پڕ ئەوینەکەیان لە لێدان کەوت.

مارف جگەلە وەرگێڕانی کتێبی «ناسیۆنالیزمی کورد» کتێبی شێعر و چیرۆکەکانی بە نێوی «زەوی سەخت و ئاسمانی دور»، پاش مەرگی بڵاو بۆتەوە کە لەلایەن ڕەخنەگر و شارەزایانی شێعری هاوچەرخی کوردی لە کوردستانی ئێران بە کارێکی گرینگ و جۆرێك شێعری جیاواز لە قەڵەم دراوە و چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نووسراوە.

پاش پازدە ساڵ لە مەرگی ناوادەی مارف ئاغایی، یەکێك لە سێکوچکەی جوانە مەرگی شێعری نوێ لە کوردستانی ئێران، ئێستاش سێبەری سەوزی شێعر و بیر و ئەندێشەی دیارە و هەر باڵادەکات.

سڵاو لە شێعر و مارف و نیشتمان.

ئا: شەریف فەلاح





# پەنجاوپەنجەمین ڕێوڕەسمی گێرەمی لە ئامریکا کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا

ئەم ڕێوڕەسمە کە هەموو ساڵێك لە لۆسانجلێسی ئامریکا بەڕێوە دەچێ، خەڵات دابەش دەکا بە سەر باشترینەکانی دونیای موسیقیدا. خەڵاتی گێرەمی، پڕبایەخترین خەڵاتە لە جیهانی پیشەیی موسیقادا. ئەم ڕێوڕەسمە بۆ یەکەمجار لە ٤ی مەیی ١٩٥٩ بەڕێوە چووە، خەڵاتی گێرەمی لە ڕاستیدا (گرامافۆنە) و ناوی خەڵاتێکە کە لە لایەن ئاکادێمیای نەتەوەیی زانست و هونەرە تۆمارکراوەکان بە بەرهەمە موسیقاییەکان دەبەخشرێت. بەهای خەڵاتی گێرەمی هاوتای خەڵاتی ئۆسکار لە پیشەی فیلمسازی و خەڵاتی ئێمی لە تەلەفیزیۆندایە. ئەم ڕێوڕەسمە هەر وەك ئۆسکار، ١٠٨ پلەبەندی تایبەت و ٣٠ شێوازی جۆراوجۆری موسیقی لەخۆدەگرێت وەك، پاپ، ڕاك، ئاراند بی و ڕەپ. دەنگی هەموو داوەرەکان لە بڕیاڕی کۆتاییدا کاریگەری هەیە لەسەر هەڵبژاردنی بەرهەمێکی مووسیقایی. پەنجاوپەنجەمین ڕێوڕەسمی گێرەمی ئەمساڵیش بەڕێوە چوو و خەڵاتەکان بەم شێوەیە دابەش کرا:

ئەدل گۆرانیبێژی بریتانیایی کە ساڵی رابردوو شش خەڵاتی وەرگرتبوو، ئەمساڵیش خەڵاتی باشترین گورانیبێژی تاك بێژی وەرگرت.

خەڵاتی گۆرانی ساڵ درا بە گرووپی FUN بۆ گۆرانی " ئێمە لاوین"(we are young) و هەر ئەم گرووپە خەڵاتی باشترین هونەرمەندی نوێیان وەرگرت.

گۆرانیی گوتیە لە ژێر ناوی" کەسێك کە من دەمناسیی"(somebody thatI) وەك باشترین گۆرانیی تۆمارکراوی ساڵ ناسێندرا، ئەم هونەرمەندە دوو خەڵاتی تریشی وەرگرت.

Mumford&Sons باشترین خەڵاتی ئالبۆمی ساڵیان وەرگرت بۆ ئالبۆمی Babel بەڵام ئەمە گرووپی Black keys بوون کە زۆرترین سەرکەوتنیان وەدەسهێناو چوار خەڵاتیان لە شەش خەڵاتی بەربژارکراو بەدەست هێنا.

هەروەها لەم ڕێوڕەسمەدا هونەرمەندیەکی ئەفغانی بۆ یەکەم جار بوو بە براوەی خەڵاتی گێرەمی.

عومەر ئەکرەم ئاهەنگسازی ئەفغانی – ئامریکایی خەڵاتی باشترین ئالبۆمی نەوەی نوێی بۆ ئالبۆمی Echoes of love پێدرا.

شایانی باسە کە ئەم ڕێوڕەسمە سێ کاتژمێر و نیوی کێشا و تێیدا چەندین هۆنەرمەند بەرهەمیان پێشکەش کرد.

# فستیڤاڵی سینمایی بەفتا کۆتایی پێ هات

بەفتا( ئاکادێمی فیلمی بریتانیا) لە ساڵی ١٩٤٧ لە لایەن دیوید لین، ئێلکساندر کوردا، کارۆل رید، روجل مانول و گروپێکی تر دامەزرا. لە ساڵی ١٩٥٨ ئەم ئاکادێمیە لەگەڵ ئامادەکار و دەرهێنەرەکاندا تێکەڵاو بوو تاکوو کۆمەڵەی فیلم و تەلەفیزیۆنیەکانیان پێك هێنا و هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەیکە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٧دا، ئاکادێمیای هونەرە سینەمایی و تە لە فیز یۆ نییە کا نی بریتانیا بیچمی گرت. ڕێبازی بەفتا، پاڵپشتی، گەشە و پەرەپێدانی هونەرە وێنەیەکان و ناسین و خەڵات بەخشین بەو کەسانەیە کە لەم بوارەدا کار دەکەن. جیا لە دابەشکردنی خەڵات، بەفتا بەرنامەی ساڵانە وەك بەرنامە فێرکارییەکان وەك نیشاندانی فیلم، و ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان بەڕێوە دەبا. بەفتا لە لایەن ٦٠٠٠ هەزار ئەندامی پیشەکانی ئەکتەری و فیلم و تەلەفیزیۆن پشتیوانی لێ دەکرێ خەڵاتی ئەم ڕێوڕەسمە لە لایەن کەسێك بە ناوی Mitzi Cunliffe پەیکەرتاشی ئامریکایی دروست کراوە و لە ساڵی ١٩٥٥دا، وەك خەڵاتی ئەم ئاکادێمیە دیاری کراوە.

شەست وشەشەمین ڕێوڕەسمی ئەم ئاکادێمیە بەم شێوەیە خەڵاتەکانی دابەش کرد:



باشترین فیلم: ئارگۆ «ئەم فیلمە باس لە چیرۆکی بارمەتە گرتنی دیپلۆماتەکان لە بالوێزخانەی ئامریکا لە ئێراندا دەکا کە لە لایەن خوێندکارانی (هێڵی ئیمام)و لە ساڵی ١٣٥٨دا ئەنجام دراوە و ٤٤٤ی ڕۆژ خایەند»، ئەم فیلمە خەڵاتی باشترین مۆنتاژیشی وەرگرت.

باشترین دەرهێنەر: بێن ئەفلاك، باشترین ئەکتەری پیاوان: دنیل دی لوئیس، باشترین ئەکتەری ژن: ئێمانویل ریوا، باشترین ئەکتەری تەواوکەری پیاو: کریستۆف والتێز، باشترین ئەکتەری تەواوکەری ژن: ئان هاتاوی، باشترین سێناریۆی ئەسڵی: کوئێنتین تارانتینۆ، باشترین سێناریۆی وەرگیراو: دێوید راسێل، باشترین فیلمی بریتانیا: ئێسکای فاڵ، باشترین فیلمی غەیرە ئینگلیسی زمان: ئەوین، باشترین ئەنیمەیشێن: بوێر، باشترین موسیقی: ئێسکای فاڵ

# فۆڕم چیە؟

**چەمکی فۆڕم**

چەمکی فۆڕم، وەرگیراو لە وشەیەکی فەرانسەوی بە واتای «جۆر»، «گروپ» و جیابووەوە لە وشەی genus لاتینیە. ئەم چەمکە ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە لە پولێنبەندی و بەهادانانی ئەدەبیات و لە لێکۆلینە ئەدەبیەکاندا، بە شێوەی جۆراوجۆر بە کار دەهێنرا تاکوو هێما بکات بۆ خاڵە جیاوازەکانی نێوان دەقە جۆرواجۆرەکان. جۆری نمایشی(ئێپیك «حەماسی»، مووزیکاڵ، دراماتیك)، جۆری پێوەندی لەگەڵ ڕاستییەکان (چیرۆکی و غەیرەچیرۆکی)، جۆری پشت بوار (کومێدی ،تراژیدی) و...

لەگەڵ ڕەگ داکوتانی سینەما و فرەچەشنی بابەتەکان و شێوازەکان، وردە وردە پێویستیی پولێنبەندیی فیلمەکان وای کرد تاوتای فۆڕم لە سینەماشدا کەڵکی لێ وەربگیردرێ.

دەبێ لە بەرچاومان بێ پێکهاتەی فۆڕم و فۆڕمەکان چەمکگەلێکی خەیاڵاوییین کە بە پێی ڕێککەوتنێکی ڕانەگەیندراو لە نێوان بەرهەمهێنەران و بینەراندا درووست بووە. فۆڕم کۆمەڵێك لە چوارچێوەکان بۆ پێکهاتەی گێڕانەوەیی و وێنەیی بیچم دەدا کە هەم بۆ فیلمساز و هەم بۆ بێنەریش ناسیاوە. لە ڕاستیدا ئەمە فیلمەکان بۆ خۆیانن کە بە شێوەی پاڵەکی، بوون بە چەمکە فۆڕمییەکان دەبەخشن.

## هەواڵ

### وانەی مۆزیك لە منداڵیدا مێشك بەهێز دەکات

ماڵپەڕی ساینس مۆنیتەری ئەمەریکایی ڕایگەیاند:
توێژینەوەیەکی نوێ لە ئەمەریکا ئاشکرای کردووە، فێربوونی ژەنینی ئامێرە مۆسیقییەکان بەر لە تەمەنی ٧ ساڵی، مرۆڤ زیرەکتر دەکات و گەشە بە توانای مێشك دەدات.

توێژینەوەکە ژمارەیەك قوتابیی زانکۆی کۆنکۆردیا لە ژێر سەرپەرشتی ڤێرجینیا بینهۆنی مامۆستای زانکۆکە ئەنجامیانداوە و بەڵگەی بەهێزی خستووەتە ڕوو لەسەر ئەوەی ساڵەکانی نێوان ٦ تا ٨ ساڵ لە تەمەندا ماوەیەکی هەستیارن بۆ کارلێك لەگەڵ مەشقی پیانۆژەنین و ئامێرەکانی‌دیکەی مۆسیقا و دەبنە هۆی نەشونمای خێرای مێشك و بنەمای مێشك دەگۆڕن.

بیتهۆن دەڵێ: فێربوونی ژەنینی ئامێرە مۆسیقییەکان، پێویستی بەهاوئاهەنگی لە نێوان دەست و چاو و گوێدا هەیە و مەشقکردن لەسەر ژەنینی ئامێرەکان بەر لە تەمەنی ٧ ساڵی توانای مێشك و گەشەی سرووشتیی گەیەنەرەکانی مێشك و ئەو مەشقانە پەیوەندییەکان بەهێز دەکات و بنەمای مێشك پتەو دەکات.

### باسکال: نە خۆم بەرگدرووم و نە مێردەکەشم دارتاش



باسکال مەشعەلانی دوای ماوەیەکی کەم لە پشووی دایکایەتی، ڕێکپۆشیی بۆ دەگەڕێتەوەو دەست دەکاتەوە بە تەواوکردنی پرۆژە هونەرییەکانی.

باسکال مەشعەلانی بەرگریی لەخۆی کرد بەرامبەر ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کراوە، گوایە دەیەوێت وەك هەر دایکە هونەرمەندێکی دیکە گۆرانی بۆ منداڵەکانی بڵێت و ڕایگەیاند: «زۆر بەو تۆمەتانە پێکەنیم کە ئاراستەم کراون، چونکە نە من بەرگدرووم و نەمێردەکەشم دارتاشە تا لەبواری هونەر و گۆرانی نەزانین، بەڵکو من گۆرانیبێژم و مێردەکەشم ئاوازدانەرە، بۆیە هەرکات بمانەوێت، لە دڵمانەوە گۆرانی بۆ منداڵەکانمان دەڵێین.»

باسکال ئاماژە بەوەش دەکات، کە لەگەڵ ئەوەدایە پەلە لە پرۆسەی هاوسەرگیریی نەکرێت، وەك چۆن خۆی بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەگەڵ میلحەم ئەبو شەدیدی هاوسەر و ئاوازدانەر و ڕاوێژکاری هونەرییدا لە خۆشەویستییەکی پڕ وریاییدا بووە بۆئەوەی لەدوای زەواج ناخۆشی و لێکدابڕان و جیابوونەوە لەنێوانیاندا دروست نەبێت.



بێ دوان...

# وتووێژی ئێران و ئامریکا

■ موعتەسەم نوورانی

حەوتووی رابردوو، عەلی ئەکبەری ساڵحی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، ڕایگەیاند کە ئەوان ئامادەن لەگەڵ ئەمریکا وتووێژی راستەوخۆ ئەنجام بدەن، بە مەرجێك کە ئەمریکا بە بێ شیلە و پیلە و بە راستی بێتە مەیدان و کارێکی وابکا کە ئێمە لە هەڵسوکەوتی دڵنیا بین. چونکە لە چەند دەیەی رابردوودا، ئێمە ئەزموونی تاڵ و ناخۆشمان لەسەر کار و کردەوەی ئەو وڵاتە سەبارەت بە ئێران هەبووە، تا ئەو جێگایە کە ئامریکا بە نیاز پاکی بێتە مەیدان و ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئەتۆمییەکان بدۆزێتەوە هیچ هێڵێکی سوورمان نییە و بە تەواوی پێشوازی لێدەکەین. هەروەها ناوبراو لە کۆنفرانسی مونیخدا سەبارەت بە قسەکانی جۆ بایدەن، جێگری سەرۆك کۆماری ئامریکا وتی: ئێران ئامادەیە بۆ چارەسەری کێشەکان و قسەکانی جۆ بایدەنی بە خاڵی ئەرێنی وەسف کرد. لە لایەکی تر ئاغای جۆ بایدەن، جێگری سەرۆك کۆمار لە چل و نۆهەمین کۆنفرانسی ئاسایش (کە هەموو ساڵێ بەڕێوە دەچێ) لە مونیخ وتی: «ئێران دڵێ بەرنامەی پیتاندنی ئۆرانیۆمی بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانەیە، تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی وزەیە. ئێستا لەگەڵ بەهێزترین گەمارۆ ئابوورییەکانی جیهان رووبەڕوو بۆتەوە. دەبێ ئێران وڵاتانی جیهان دڵنیا بکاتەوە کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی نییە.»

یەکێك لە دانیشتنەکانی کۆنفرانسی مونیخ تایبەت بوو بە «کێشەی ئێران و باڵانسی هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا» کە وڵاتانی ١+٥ دەیانەوێ بە هەر شێوەیەك ئێران کۆنترۆڵ بکەن. ئامانجی ئەو وڵاتە ئەوەیە کە هەتا بکرێ لە رێگای دانووستان، گەمارۆی توند و قورس ئێران بێتە سەر ئەو بڕوایە کە دەست لە توندوتیژی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە هەڵبگرێ و واز لە بەرنامەی ئەتۆمی و دروستکردنی چەکی ناوکی بێنێ.

عەلائەدین بروجەردی، رەئیسی کومیسیۆنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و سیاسەتی دەرەوەی پارلمانی ئێران وتوویەتی کە: «بڕیاردان لەسەر وتووێژی راستەوخۆ لەگەڵ ئامریکا لە بواری بەرنامەی ناوکی، ئەرکی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانە و هەروەها بڕیاردان لەسەر ئەو خاڵە گرینگە و سیاسەتە گشتییەکانی ئێران بۆ نموونە وتووێژ لەگەڵ ئامریکا لە ژێر ئەمری رێبەردایە و دوا قسەی ڕێبەر دەیکا و هەر ئەویش بڕیار دەدات چونکە جیا لە ڕێبەری باڵای ئێران هیچ کەسی دیکە بۆی نیە دەست وەربدات لەو مەسەلە گرینگەدا.»

هەروەها بروجردی بە ئیسنا، هەواڵنێریی دانیشجویانی ئێرانی وت کە: «بە دڵنیایی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی لەو بارەوە بڕیار دەدا هەروەها وتی ئامریکا لە کردەوەدا راستکردار نییە و قسەکانی لەگەڵ کردەوەی یەك ناگرنەوە. بە توندی رخنەی لە ئامریکا گرت و وتی لە کاتێکدا کە جێگری سەرۆك کۆماری ئامریکا پێشنیاری وتووێژی راستەوخۆی لەگەڵ ئێران داوە، کۆنگرەی ئامریکا خەریکە گەمارۆی توندتر بە سەر ئێراندا دەسەپێنێ و زیاتر ئێمە دەخەنە ژێر گوشاری ئابووری. ئەو دوو بڕیارە پێکەوە ناتەبان ئێمە باوەڕ بە کامیان بکەین.»

پێشنیاری وتووێژی راستەوخۆ لە نێوان ئێران و ئامریکادا، لە لایەن ئاغای جۆ بایدەن، جێگری باراك ئۆباما، لە کاتێکدا دەخرێتە بەرباس کە لە چەند مانگی رابردوودا، بەشێکی زۆر لە کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی هەست بەو پێویستیە دەکەن، کە دەبێ ئاڵوگۆڕ پێك بێ. بە راشکاوی باسی پێویستی وتووێژی راستەوخۆ لەگەڵ ئامریکا دەکەن، مەحمودی ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری ئێران لە دوایین سەفەری خۆی بۆ مەقەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرك، لانیکەم پێنج جار لە قسەکان و لە چاوپێکەوتنەکانیدا باسی پێویستیی وتووێژی راستەوخۆی ئێران و ئامریکای کرد و زۆر بە توندی بەرگریی لە دانووستان و وتووێژی ئەو دوو وڵاتە کرد. ئاغای ئەحمەدی نژاد ئەو قسانەی لە تارانیش دووپات کردەوە و بەشێکی زۆر لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر ئەو قسانە دەکەنەوە و باوەڕیان وایە کە دەبێ وتووێژ بکرێ و هەم لە سیاسەتی دەرەوەدا و هەم لە نێوخۆدا ئاڵوگۆڕ پێك بێ.

عەلی ئەکبەری ساڵحی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، ئەو راستییەی درکاندووە کە بارودۆخی ئابوری ئێران لە رادەبەدەر خراپە و گوشاری توندی ئەوان و گەمارۆ ئابوورییەکان، ئابووریی ئێرانیان تووشی دارمان کردووە، ئەوەش بۆتە هۆی دابەزینی نرخی دراوی ئێران و گرانیی شتومەك و خواردەمەنی و داوودەرمان. بەڕاستی بارودۆخی ئێران رۆژ لە دوای رۆژ باری خراپتر بەخۆوە دەگرێ، بێکاری، گرانی لە رادەبەدەر، وەزعی ژیان و گوزەرانی شار و دێ دژوار و دژوارتر دەبێ، هەر ئێستا دۆخی ئابووریی لەگەڵ کەمووکوڕی و قەیدبەندێکی زۆر رووبەڕوویە.

سەردەمێك ئاغای ئەحمەدی نژاد بە چاولێکەری لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی سەیدعەلی خامنەیی، دەیگوت: ئەو بڕیارنامانەی ئەنجوومەنی ئاسایش لە مەڕ گەمارۆی ئابووریی ئێران کوتە کاغەزن و هیچ بنەمایەکیان نییە، ئەو گەمارۆیانە نەك هیچ کاریگەرییان نییە بەڵکوو هەلێکن بۆ سەربەخۆیی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

بەڵام لە بەهاری ١٣٩٠ی هەتاویدا دوای سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان خامنەیی رێبەر و ئەحمەدی نژادی سەرۆك کۆماردا، لە سەر لابردنی حەیدەری موسلحی وەزیری ئیتلاعات و دووبارە دانانەوەی لە لایەن خامنەیی، مەحمودی ئەحمەدی نژاد ئەو راستییەی درکاند کە گەمارۆ ئابوورییەکانی رۆژئاوا بۆتە هۆکاری سەرەکی قەیرانی ئابووری و دابەزینی نرخی دراو و گرانیی لە رادەبەدەر لە ئێراندا و ئەو قەیرانە وڵات بەرەو مەترسی دەبات.

ئەحمەدی نژاد رۆژی ١٦ی ڕێبەندانی ئەوساڵ دانی بەوە دانا کە دەوڵەت لە باری بودجە لە دۆخێکی زۆر خراپدایە چونکە ئابووری ئێران بەستراوەتەوە بە نەوت و بە توندترکردنی گەمارۆ ئابوورییەکان لە لایەن ئامریکا و یەکیەتی ئورووپاوە لە هاوینی رابردوودا، فرۆشی نەوتی ئێران بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دابەزیوە، تەنانەت گەمارۆی بانکەکان هێنانەوەی داهاتی ئەرزی زۆر زەحمەت کردووە، هەروەها میهدی غەزەنفەری، وەزیری پیشەسازی و کانگا ژێرزەوییەکانی ئێران مانگێك لەمەوپێش وتی: «ئەو گەمارۆ ئابوورییانە وڵاتیان لە دەست و پێ خستووە بەتایبەت گەمارۆی بانکی ناوەندی کە دەوڵەت نەتوانێ سەرچاوەی ماڵی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابووری دابین بکات و تووشی قەیرانی ماڵی هاتووە.»

وتووێژ لەگەڵ ئامریکا و بۆچوونی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی

بە دوای قسەکانی جۆ بایدەن، جێگری سەرۆك کۆماری ئامریکا، عەلی ئەکبەری ساڵحی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران،ئەو هەنگاوەی بە ئەرێنی لەقەڵەم دا. رۆژی پێنجشەممە ١٩ی ڕێبەندان، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی لە کۆبوونەوەی پرسۆنێلی هێزی ئاسمانی سوپای ئێراندا، پێشنیاری جۆ بایدەن، جێگری سەرۆك کۆماری لە بارەی وتووێژی راستەوخۆی ئێران و ئامریکا رەت کردەوە و وتی: پێشوازی لە وتووێژ لەگەڵ ئامریکا، «یا لە رووی نەزانی و ساوێلکەییەوەیە یا مەبەستێکی تایبەتی لە پشتە». هەروەها وتی: «سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئامریکا هەرەسی هێناوە و پێویستی بە کارتێکی براوە هەیە. کارتی براوەی وان راکێشانی ئێرانە بۆ سەر مێزی وتووێژ.» خامنەیی لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا وتی: «من کەسێکی دیپلۆمات نیم، کەسێکی شۆڕشگێڕم قسەکانم بێ پەردە و راستکردارانە دەکەم. ئێوە ئامریکاییەکان چەکمان لە بەرانبەردا رادەگرن و داوای وتووێژمان لێ دەکەن.» هەروەها بێ ئەوەی ناوی ئەحمەدی نژاد یا ساڵحی بێنێ ئەوانی بە ساوێلکە و نەزان ناو برد بەڵام راستی ئەوەیە کە دۆخی نێوخۆی ئێران هەم لە باری ئابووری و هەم لە باری سیاسییەوە زۆر خراپە دووبەرەکی و ناکۆکی ئاشکرا لە نێو کاربەدەستانی رەدەباڵای ئێران لە پێناوی کورسی و بەرژەوەندی ئەوان بەرچاو دەکەوێ.

www.washingtonpost.com
www.nyTimes.com

# کۆماری ئیسلامی و سێدارە دوو چەمکی لەیەک جیانەکراوە

■ ئا: شۆڕش گوڵکار

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بواری پێشێلکردنی بەردەوامی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ واتە ئازادی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و بوونی مافی ژیان و پێشێلکردنی بایەخ و کەرامەتی مرۆیی لە نێو وڵاتانی جیهاندا لە پلەی یەکەمدایە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی بڕیارە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینی بەدواوە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندکراوە، هەر جۆرە سزا و رەفتارێکی توندئاژۆیانە و نامرۆیانە رەت دەکاتەوە و بە گشتیش دژی سزای لەسێدارەدانە. کەچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێ گوێدان بەو یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییانە، بەردەوام و بێ پسانەوە خەریکی گرتن و ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدانی خەڵکی مافویستی نیشتمانە، هەرچەند کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە ئەم کلتوورە مەترسیدارە واتە لەسێدارەدان و نەهادینەکردنی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا پەیڕەو کردووە کە ئەویش بە لەسێدارەدانی دژبەرانی خۆی لە سەربانی قوتابخانەی عەلەوی، ئەو شوێنەی کە خومەینی پاش هاتنەوەی بۆ ئێران لەوێ نیشتەجێ بوو دەستی پێکرد، تاکوو غەریزەی تاناتووسی ڕێژیم تێر بکا. ئەم رەوتی لەسێدارەدانە پاشان گەیشتە نێو نەخۆشخانە و شەقام و فڕۆکەخانەی سنە و هەروەها پاش چەند رۆژ گەیشتە تورکمەنسەحرا و پاشان لەسێدارەدانی بە کۆمەڵ لە بەندیخانەکانی ڕێژیم لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی تا ١٣٦٧ درێژەی کێشا و تاکوو هەنووکە کۆماری ئیسلامی بەردەوامە لە پەیڕەوکردنی ئەم هەڵسووکەوتە قیزەونەی خۆی.

هەر بۆیە دیسانەوە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە لەسێدارەدانی پێنج شارۆمەندی عەرەب زمانی خوزستان هۆشداری داوەتە ئێران و بە گشتی خوازیاری هەوڵدانی بەپەلەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤە بە مەبەستی راگرتنی حوکمی لەسێدارەدانەکان. هەر وەها شیرین عەبادی چالاکی مافی مرۆڤ و براوەی خەڵاتی ئاشتی نوبل لە بەیانییەیەکی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی پێوەندیدار بە ئێرانەوە نارەزایەتی خۆی لە، لەسێدارەدانی ئەم پێنج شارۆمەندە عەرەبە خوزستانیە دەربڕیوە و خوازیاری راگرتنی ئەم حوکمە بووە.

کەچی سادقی لاریجانی سەرۆکی دەزگای قەزایی ئێران لە کۆبوونەوەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاندووە کە لەسێدارەدان وشکاندنی ریشەی خراپکاریە لە وڵاتدا و بە قازانجی ڕێژیمیشە.

هەنووکە نزیك بە پەنجا کەس لە رۆڵەکانی نەتەوەکانی ئێران وەکوو نەتەوەی کورد و عەرەب لە بەندیخانەکانی ڕێژیم چاوەڕێی جێبەجێکردنی حوکمی سێدارە دەکەن. ئەوەیش بە بیانووی موحارەبە و هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی، لە کاتێکدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دوای ئاسایش و تەناهیی خۆیەوەیە نەك ئاسایش و تەناهیی نەتەوەیی. چونکە ئاسایش و تەناهیی نەتەوەیی کاتێك دەپارێزرێ کە ئاسایش و تەناهی لە هەموو بوارەکانەوە هی هەڵگرانی سەرەکی وی، واتە جڤاك، لە لایەن دەسەڵاتەوە دابین کرابێ.



# فمینیزم و پێناسەیەک




■ تووبا ئەلیاسی

زۆر لە مێژووناسان و لێکۆڵەران، مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فمینیستی دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی ١٩. بەڵام لەبەر ئەوەی کە ژنانی فەرانسە زۆر شێلگیرانە لە کاتی شۆڕشی نوێخوازی فەرانسەدا لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٧دا داواکارییەکانی خۆیان هێنایە گۆڕێ و، زۆر ڕۆڵی بەرچاو و گرنگیان لەو شۆڕشەدا گێڕا، هەربۆیە هەندێك لە مێژوونووسان مێژووی سەرهەڵدانی فمینیزم و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان دەگەڕێننەوە بۆ شۆڕشی فەرانسە.

وەك دەزانین کە فمینیزم دەستەواژەیەکی ڕۆژئاواییە و لەوەش زیاتر ئازادی و مافی ژنان لە ڕۆژئاوا پێناسەیەکی هەڵەی بۆ کراوە لە کۆمەڵگا و وڵاتانی دواکەوتوودا. لەبەر ئەوەش بە داخەوە کوردستانی ئێمەش دەکەوێتە نێو ئەو بەشە لە کۆمەڵگا دواکەوتوەکان لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا، هەربۆیە فمینیزم تا ئێستاش دەستەواژەیەکی نامۆیە و پێناسەیەکی ڕاست و دروستی بۆ نەکراوە لە کۆمەڵگای کوردستاندا. ئەمە وای کردوە کە تاکی کۆمەڵگای کوردی و تەنانەت زۆرجار ژنانی یەکسانیخوازیش نایانەوێ خۆیان وەك فمینیست پێناسە بکەن.

**لە پێشدا با بزانین فمینیزم واتای چییە؟**

فمینیزم ئیدئۆلۆژییەکە، کە ڕەخنە لە کردەوەو و سیاسەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگرێت و ئامانجی گۆڕینی لارسەنگی و نایەکسانییە لە دابەشکردنی دەستەڵات و ماف لە نێوان ڕەگەزەکاندا. ئەم ئیدئۆلۆژییە بە پشتبەستن بە بەڵگەی مێژوویی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ژنان لە هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بە درێژایی مێژوو و بە شێوەی جیاواز لە لایەن کۆمەڵگای پیاوسالارییەوە توندووتیژییان دەرهەق کراوە. مەبەست لە پیاوسالاری ئەو شێوە ڕوانگەیەیە کە پێی وایە ژن لە باری سروشتییەوە بۆ ئەوە دروست کراوە کە ژێردەستەی پیاو بێت و، پیاو ڕێگەی پێدراوە هەموو دەستەڵاتێکی بە سەر ژندا هەبێت و بڕیاری بەسەردا بدات و ژنیش ئەبێت ملکەچی فەرمانەکانی پیاو بێت. جا ئەم ڕوانگەیە بە هۆی پەروەردەی کۆمەڵگاوە ئەکرێت لە خودی ژنانیشدا بەرچاو بکەوێت.

بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی ئەو نایەکسانیانە، فمینیستەکان دەستنیشانی کۆمەڵێك ڕێگاچارە دەکەن، کە هەر شێوازێك لە ڕێگاچارەسەرییەکان لە یەکێك لە لقەکانی فمینیستیدا خۆیان دەردەخەن. واتە لە مەکتەبی فمینیستیدا چەندین لقی جیاواز هەیە، کە هەر یەك لەوان بیرو ڕوانگەی جیاوازیان هەیە لەمەڕ شێوەی دەستنیشانکردنی گرفتەکان و هەروەها ڕێگاچارەی دروست بۆ نەهێشتنی ئەو نایەکسانییانە. ئەمەش بۆ خۆی وای کردوە کە زۆرجار کەسێك یان خوێنەرێك کە زیاتر لە سەر لقێك لە ڕەوتە فمینیستەکان شارەزایی هەیە یان دەبیستێت ئیتر وای بۆ دەچێت کە فمینیزم هەر یەك لقە و وەك یەك بیر دەکەنەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە فمینیزم لە چەند لقدا خۆی دەبینێتەوە بەڵام یەك ئامانج دەپێکن و لە یەك ڕوانگەدا یەك دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەمووان پێیان وایە کە ژنان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا لە لایەن کۆمەڵگای پیاوسالارییەوە توندووتیژیان دەرهەق کراوەو و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کۆمەڵگایەکی نایەکسانە و ژنان لە ژێر توندووتیژیدا قەراریان گرتوە. بەڵام بۆ ڕزگاربوون لە ژێر باری ئەم نایەکسانییە لقە جیاوازەکان میکانیزمی جیاواز پێشنیار دەکەن.

وەك پێشتریش ئاماژەی پێدرا مەکتەبی فمینیستی زۆر لقی جیاواز لە نێویدا سەری هەڵداوە، هەروەك چۆن مەکتەبەکانی دیکەی وەك لیبرالیزم، ریالیزم، مارکسیزم وهتد، توشی سەرهەڵدانی بیرو ڕوانگەی نوێ بوون لە نێو خۆیاندا، مەکتەبی فمینیستی و تەنانەت لقەکانیشی هەر بەو شێوەیە تووشی ئەو ڕوانگە، پرسیار و ڕخنانە بوون و لە ئاکامدا لقی جیاوازیان لێ دروست بووە. بەڵام لێرەدا زیاتر مەبەست ئەوەیە کە تیشکێك بخرێتە سەر مەکتەبە گەورە و ئەسڵییەکان و خۆ لە باقیان نادەین. چوون بە بڕوای زۆر لە فمینیستەکانیش ئەو مەکتەبە سەرەکیانە زۆر واقعبینانە بۆ مەسەلەکان چوون و ڕوانگە و بیرەکانی ئەوان هێشتا و ئێستاش هەر ڕاستییەکانی کۆمەڵگا دەپێکن سەبارەت بە ژنان و دەرد و مەینەتییەکانیان. ئەو مەکتەبانەی کە لێرەدا باس دەکرێن ئەمانەن. سوسیال، مارکسیست فمینیزم، رادیکال فمینیزم و لیبراڵ فمینیزم.

سوسیال، مارکسیست فمینیستەکان پێیان وایە کە هۆکاری نایەکسانی و توندووتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕەگەزی و جیاوازی چینایەتی. واتە لەو بڕوایەدان کە دەستەڵات و بیری پیاوسالاری لەهەمبەر ڕەگەزی مێینەوە یەکێك لە هۆکارەکانی توندووتیژیە دژی ژنان. واتە لە کۆمەڵگایەکدا کە پیاو سەروەری پێ دراوەو، ئیزنی ئەوەی هەیە چۆنی پێ خۆش بێت ئاوا لە گەڵ ژندا مامەڵە بکات، ئاکامەکەی دەبێت بەو کۆمەڵگای نایەکسانییە کە ژنان پێوەی دەناڵێنن لە بێ مافیدا. هەروەها هۆکارەکەی دیکەش دەگەرێننەوە بۆ جیاوازی چینایەتی و ئابووری و پێیان وایە کە جیاوازی ئابووری و هەروەها نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری هۆکارێکی گرینگە بۆ چەوسانەوەی ژنان. لێرەدا ئاماژە بەوە دەدەن کە هەروەك چۆن سەرمایەدارەکان و خاوەن کارخانە گەورەکان دەتوانن لە ڕێگای دەسەڵاتی سەرمایەدارییانەوە کرێکارەکان بچەوسێننەوە و کرێکارەکان ناچارن لەبەر دەرهێنانی بژێوی بنەماڵەکانیان زۆر نادادوەری لە خاوەنکارەکان قەبووڵ بکەن. پیاوانیش هەر بەو شێوەیە کاتێك دەسەڵاتی ئابوریان لە ماڵدا هەبێت ژنان ناچار دەکەن ملکەچی بڕیارەکانیان بن. چون زۆرجار ژنان لەبەر ئەوەیکە لە لایەن پیاوانەوە بەخێو بکرێن ناچارن گوێڕایەڵی هەموو فەرمانەکانی پیاوان بن. هەر بۆیە ئەمان پێیان وایە کە بە نەمانی کۆمەڵگای پیاوسالاری، کە ئەویش کاتێك بە دەست دێت کە ژنان سەربەخۆیی ئابووریان هەبێت و کرێکاران چیتر بە دەست سەرمایەدارەکان نەچەوسێنەوە، ئەو کاتە ئیتر ژنانیش ڕزگاریان دەبێت لە ژێر دەستی و توندووتیژی.

ڕادیکاڵ فمینیستەکان بڕوایان وایە کە هۆکاری نایەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی کۆمەڵگای پیاوسالاری و هەبوونی جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان ژن و پیاودا وای کردووە کە پیاو ئەو جیاوازیەی وەك لایەنی لاواز لە ژندا چاو لێ کردووە. هەروەها بوونی ئەو جیاوازییە ڕەگەزییە وای کردووە کە ڕەگەزی سروشتی ژن ئەرکی منداڵ بوونی پێ دراوە و ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری ئەبێت لەسەر گەشەکردن و مەودای وەك یەك لە گەڵ پیاواندا. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەم جیاوازی ڕەگەزییە بەکار براوە و سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لە ژێر کارتێکەری ئەم جیاوازییەدا دروست کراوە و و هەربۆیە سیستمیکی نایەکسانە و چەوسینەرە بۆ ژنان. هەروەها لە نێو ئەم لقە لە فمینیستەکاندا کۆمەڵێك هەن کە خوازیاری کۆمەڵگای جیاوازی ژنانە و پیاوانەن بۆ ئەوەی کۆتایی بەم نایەکسانییانە بێت. هەر خودی ئەم بیرۆکەیە کە هەموو لقەکانی بزووتنەوەی فمینیستیان خستۆتە بەر شەپۆلی ڕخنە و زۆرجار فمینیزم هەر پێناسەی لە ڕوانگەی ئەوانە بۆ دەکرێ. بە پێچەوانەی سوسیال، مارکسیست فمینیستەکان، ڕادیکاڵ فمینیستەکان مەسەلەی ئابووری و جیاوازی چینایەتی بە هۆکاری ئەو نایەکسانییە نازانن. ڕادیکاڵ فمینیستەکان پێیان وایە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ببێتە کۆمەڵگایەکی یەکسان و توندوتیژی دژی ژنان کۆتایی پێ بێت پێویستە بە پێچەوانەی ئەو ڕوانگانەی کە تا ئێستا کارتێکەریان هەبووە لەسەر بیری کۆمەڵگا، هەبوونی جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان ژن و پیاو پێناسەی نوێی بۆ بکرێ. واتە ئەوەی کە ژن لە باری سروشتییەوە توانای بەرهەمهێنانی منداڵی هەیە و پیاو نییەتی ئەبێت وەك ئیمتیازێکی گەورە بۆ ژنان چاوی لێ بکرێ و ئەم کارەی ژنان وای لێ بێت کە ژنان لە بواری کارو هەبوونی دەسەڵات بە سەر منداڵدا ئیمتیازیان هەبێت. بەشێك لە ڕادیکاڵ فمینیستەکان پێیان وایە ئەگەر ئەو توونددوتیژییە کۆتایی پێ نەیەت ژنان ئەبێت هەڕەشە لە کۆمەڵگا بکەن و نابێت منداڵ بەرهەم بێنن. هەروەها بەشێکی دیکە لە ڕادیکالەکانیش پێیان وایە کە ئەبێت کۆمەڵگای جیاواز واتە پیاوانە و ژنانە دروست بکرێت، چون وای بۆ دەچن لە بەر ئەو جیاوازی ڕەگەزییە مەحاڵە ژنان توندوتیژیان دەرهەق نەکرێت لە لایەن پیاوانەوە.

لیبراڵ فمینیستەکان جیاواز لە ئەو دوو مەکتەبەکەی دیکە کە ئاماژەی پێدرا، جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە هۆکارەکانی درووستبوونی ئەو نایەکسانی و توندووتیژییە لە کۆمەڵگادا لە نیوان ژن و پیاودا دەگەڕێننەوە بۆ سیستمی پەروەردە و فێر کردن لە بنەماڵە و کۆمەڵدا. ئەوان پێیان وایە کە پەروەردەی هەڵە و جیاواز وای کردووە کە ئەم دوو ڕەگەزە پێناسەی جیاوازیان بۆ بکری و مافی جیاوازیان بۆ لە بەر چاو بگیرێ. لەم سیستمی پەروەردەییەدا ژن و پیاو هەردووك بەرپرسیارن و پێویستە بۆ ئەوەی کۆتایی بە ئەم شێوازە پەروەردەییە بێت، ریفۆرمی یاسایی بکرێت. واتە یاسای کۆمەڵگا دەبێت سەر لە نوێ لە سەر بناخەی بیری یەکسانیخوزی دابنرێ و مافەکانی ژن و پیاو وەك یەك چاویان لێ بکرێ. هەروەها یاسا بەرپرسیار بێت بۆ سەقامگیرکردنی ئەو یەکسانییە و زەمانەتی ئیجرایی هەبێت بۆ چەسپاندنی بنەماکانی یەکسانی لە نیوان ژن و پیاودا.

ئەوەی کە لەم بابەتەدا باسی کراوە پێناسەیەکی زۆر کورتە بۆ فمینیزم بەڵام بە گشتی و بە کورتی فمینیزم واتای بزووتنەوەییەکی یەکسانیخوازییە کە ئامانجی نەهێشتن و بنەبڕ کردنی توندووتیژی و نایەکسانییە لە نێوان ڕەگەزی ژن و پیاودا. هەروەها بۆ جێگیر کردنی ئەو یەکسانییە پێویستیمان بە نەهێشتنی بیرو ڕوانگەی پیاوسالاری هەیە، و بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ڕوانگەیە بێنین پێویستە ژنان سەربەخۆیی ئابورییان هەبێت و کۆمەڵگا کۆمەڵگایەکی دێموکرات بێت و خاوەنی یاسایەك بێت کە لە سەر بناخەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤی جیهانی دانرا بێت.

## جووت حەوت

**هەوراز**

ــ کەمتر لە چوار ساڵ لەو ڕۆژە تێپەڕیوە کە خامنەیی لە نوێژی هەینیدا وتی: «ئاغای سەرکۆمار نزیکترین کەس لە منەو بۆچوونەکانمان لێك دەچن». کوردگوتەنی، خامنەیی دانی بەوەدا نا کە ئەحمەدی نژاد و ئەو کتومت لێك دەچن، بەواتایەکی دیکە، وەکوو گوێی جۆرە حەیوانێ جووتن.

ئێستا و پاش ئەو چەند ساڵە لە زاری خۆیانەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەو کەسەی کۆپیکراوی کۆماری ئیسلامی لە سەر فلاش مێمۆرییەکی بچووك و نیشاندەری منداڵی دەروونی خامنەییە، چ جۆرە کەسێکە.

عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیس دەڵێ، هەڵسووکەوتی سەرکۆمار، هەڵسووکەوتێکی مافیایی و بێ ڕەوشتانە و دەربڕی «لاابالیگری فرهنگی» واتە «خوێڕیگەریی فەرهنگییە» جا خوێڕیگەری چ جێگایەکی لە فەرهەنگدا هەیە؟ با بمێنێتەوە بۆ حاجی سێناتۆر لاریجانی. (قسەیەکی سەیدعەلی لە بیرتان نەچێت کە «من و مەحموود لێك دەچین»).

سەردار سەعید قاسمی، سەرۆکی لیباس شەخسییەکانی ڕێژیم دەڵێ: «ئەحمەدی نژاد وەکوو ئێستری شێتی لێ هاتووە، نایهەوێ بە بێ جووتەهاوێشتن لە کۆڵمان بێتەوە». (لێرەشدا هێشتا سەیدعەلی و مەحموود لێك دەچن)

مەلاحەسەنی، ئیمام جومعەی ورمێ دەڵێ: ئەگەر کەریش وەکوو ئەحمەدی نژاد کار بکات و زەحمت بکێشێ، دەتۆپێ . (ئەویش ڕەتی ناکاتەوە کە ئەم کەرە لە وەلیی فەقیە دەچێ)

خودی ئاغایش دەڵێ: ئەوانە کە پێشنیاری وتووێژی ئەمریکا خۆشحاڵیان دەکات (واتە ئەحمەدی نژاد) یان گێل و نەفامن (وەك ئەحمەدی نژاد کە لە خۆی دەچێت) یان رق لە دڵ و خەیانەتکارن (وەك ئەحمەدی نژاد کە لە خۆی دەچێت)... ئەوکاربەدەستانە کە لە مەجلیسدا کێشە و هەرا دەخولقێنن بێ ڕەوشتن (دیسانیش وەك ئەحمەدی نژاد کە لە خۆی دەچێت).

دەبێ ئەوەش زیاد بکەین کە ئاغا چاو و دڵی ڕووناکە و خۆی گوتەنی، خودای بەسیرەت و بەرچاوڕوونییە و لە خۆڕا ناڵێت فلانەکەس کۆپیکراوی من و نیزامە.

ـ پاسدار مەهدی تائێب، فەرماندەی قەرارگای «عەمار» دەڵێ: «سووریە پارێزگاری سی و پێنجەمی ئێرانە!!! و لە ڕووی گرینکیی ئیستراتژیکەوە بۆ ئێمە (واتە خۆیان) لە دوای «تاران» دیت. هەروها دەڵێ: ئەگەر دوژمن هاوکات هێرش بکاتە سەر سووریە و خووزستان، ئێمە دەبێ واز لە خووزستان بێنین و سووریە بپارێزین چوونکە ئەگەر سووریە بدۆڕێنین، تارانیش دەدۆڕێنین.»

شایانی باسە پارێزگاری سووریە (بەشارئەسەد)، پارێزگاری لوبنان (حەسەن نەسروڵڵا) و پارێزگاری ڤێنزۆئێلا (ئایەتوڵڵا چاوز) خامنەیی بە سەرۆکی بانکی ناوەندی و نوێنەری خۆیان لە پارێزگای ئێران دەزانن!!

# لەسێدارەدانی لاوانی عەرەب بە تەنافی یەکپارچەیی خاکی ئێران

■ مێهدی هاشمی

■ و: چەکۆ ئەحمەدی

ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا لە ۹ی ژانویەی ئەمساڵدا جەختی لەسەر حوکمی لەسێدارەدانی ۵کەس لە لاوانی عەرەبی شاری خەلیفە کردەوە. بەم کارە لاوانی عەرەب چیدیکە تا سێدارە مەودایەکی ئەوەندەیان نییە و هەردەم ئەگەری لەسێدارەدانیان بوونی هەیە. تاوتوێ دژکردەوەکانی ڕێکخراوکانی مافی مرۆڤ و بێدەنگی ئۆپۆزێسیۆنی ئێرانی دەرەوەی وڵات لە بەرامبەر ئەم حوکمانەدا بە تایبەت و سەرکوتی نەتەوەی عەرەبی ئەهواز بە گشتی پرسێکی گرینگە.

ساڵانێکە نەتەوەی عەرەب لە ئەهواز لە ژێر چنگاڵی هۆڤانییەتی سیستمی زاڵ، بە جەستەیەکی بریندارەوە بێکەس ماوەنەتەوە. لەم ساڵانەدا چالاکانی سیاسی و مەدەنی ئەهوازی تەواوی هەوڵەکانی خۆیان خستووەتە گڕ تا بە ناردنی هەواڵەکانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە شارە جیاوازەکانی ئەم هەرێمە بۆ وێب سایت و رایەڵە رادیۆیی و ماهوارەییەکانی ئۆپۆزێسیۆنی ئێرانی، لە پێناو شکاندنی میچی بەرزی بایکۆتی هەواڵی سەپێندراو لە لایەن سیستمەوە هەنگاو هەڵبگرن.

هەواڵی پشتڕاستکردنەوەی حوکمی لەسێدارەدانی لاوانی عەرەب لە لایەن بێدادگاییەکانی ڕێژیم، وێژدانی بەڕێوەبەرانی ئەم راگەیەنە هەڵاواردنخوازانە نابزوێنێ. ئەمانە کە لە کاری راگەیاندنی خۆیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوی سیاسی هیچ سنوورێکی کۆمەڵایەتی و کولتوری و تەنانەت ئەخلاقیش لەبەرچاو ناگرن، لە بڵاو کردنەوەی راگەیەندراوی ڕێکخراوی لێبوردنی جیهانی لە پێوەندی لەگەڵ سزای لەسێدارەدانی لاوانی عەرەب خۆ دەبوێرن. کاتێك ڕێکخرای یەکسانی بۆ ئێرانییەکان لەمەڕ چالاکانی ناوەندنشین و ناوەندگەرا راگەیەندراو دەدەن، ئەم راگەیەندراوە لە سەدان ماڵپەڕ و دەزگای راگەیاندنی گشتیدا بڵاو دەبێتەوە بەڵام کاتێك هەر ئەم ڕێکخراوە لە سەر لاوانی عەرەب راگەیەندراوێك بڵاو دەکاتەوە تەنیا بە ژمارەی قامکەکانی دەست و بە شێوەی دەست و پێ شکاو بڵاو دەکەنەوە یان ئاماژە بە کورتەیەکی ناڕوونی دەکەن.

راگەیەنە فارسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەرکامە و نوێنەرایەتیی گرووپێکی سیاسیی تایبەت دەکەن و بیروباوەڕی سیاسیی تایبەتیی خۆیانیان هەیە. ئەمانە سەرەڕای ئەو جیاوازییە بەرچاوانەی کە لەگەڵ یەکتر هەیانە بەڵام هەموویان لە سانسۆر کردنی هەواڵەکانی مافی مرۆڤ لە ئەهواز بە کەمتەرخەمی و هەڵاواردن هەنگاو دەنێن. هەڵبەت لەم نێوانەدا دەبێ چەند ماڵپەڕی خاوەن ویژدان کە تا رادەیەك هەواڵەکانی ئەهواز بڵاو دەکەنەوە بە ناوازە بزانرێن. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی ئێران بە بیانووی یەکپارچەیی خاك ئێران ئەم کردەوانە بەڕێوە دەبەن.

نەتەوەی عەرەبی ئەهواز کە لە سەر دەریایەك نەوتی خاو دەژی و لەم سامانە مەزنە بێبەشە، بە هۆی سیاسەتی ئاپارتایدی ڕێژیمە یەك لەدوای یەکەکانی دەسەڵاتداری زاڵ بە سەر ئێراندا بوونەتە پەراوێزنشینی زێد و نیشتمانی خۆیان و هەموو شارە عەرەب نشینەکانی ئەهواز لە هەژارترین ناوچەکانی ئێرانن. لە بەرامبەر ئەم هەموو ئەڵاواردن و چەوسانەوەدا، کاتێك ئەم نەتەوەلە بەرامبەر ئەم سیاسەتانەدا هەڵدەستێ و لاوەکانی بە گوللەی راستەوخۆی کوڕانی (بەناو) پارێزەری نیشتمان دەکوژرێن، ئەم تاوانە لە روانگەلای ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندخوازەوە کردەوەیەکی بە تەواوی ئاسایی و حاشاهەڵگرە!

کاتێك کە چالاکانی فەرهنگیی نەتەوەی عەرەبی ئەهواز بە پاڵپشتی لە شوناس و فەرهەنگی عەرەبیی خۆیان لە بەرامبەر هێرشی هەمەلایەنەی ئاسمیلاسیۆنی فارسیدا ناڕەزایەتی دەردەبڕن، دەستبەسەر دەکرێن و لە ژێر ئەشکەنجەی هۆڤانەی ڕێژیمدا بەناچار دان بە نەکردەوەدا دەنێن و حوکمی سێدارەیان بۆ دەبڕدرێتەوە، ئەم کارە لە روانگەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە بە شێوەیەکی ئاسایی وەردەگیرێت! لە هەموو ساڵانی رابردوودا ئوپۆزیسیۆن هەموو تۆمەتەکان و بانگەشەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بەندکراوان و مەحکوومەکانی رەت کردۆتەوە و ئەم ڕێژیمە بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نازانن بەڵام کاتێك ئەم پرسە روو لە چالاکانی نەتەوەی عەرەب دەکات ئەمانە دەکەونە پێشەوەی کۆماری ئیسلامیش. تاقمێك لە پان ئێرانیستەکان بە دەرکردنی راگەیەندراو سێ برایانی حەیدەری کە لە ساڵی رابردووی زاییینیدا لە سێدارە دران بە جینایەتکار و چەتەیان ناودێر کردن و پشتیوانیان لە لەسێدارەدانیان کرد!. کەسانی دیکەش بە بێدەنگی خۆیان و هێندێجاریش بە هێنانە بەرباسی پرسی بانێك و دوو هەوای وەك جیایخوازی، لەو رۆژانەدا کە چالاکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئەهواز لە هەوڵی ڕێکخستنی کەمپەینێك بۆ بەرگری لە برایانی حەیدەری بوون، بواریان بۆ پێکهینانی رەشبینی بەرامبەر مەحکوومەکان پێکهێنا تاکوو بەمشێوەیە ببێتە ڕێگر لە بەرامبەر هاریکاریی راگەیەنەکان و چالاکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئەهوازدا.

ئەم کردەوەیەی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی کە بە بیانووی یەکپارچەیی ئێرانە مەبەستی ئەویە کە تەواوییەتی نەوتی ئێران و قازانجە ماددییەکانیان لە سەرەوەیی گیانی مرۆڤی عەرەبی ئەهوازیی بێتاوانەوەیە. ئەمانە بە ئاوا کردەوەگەلێك راشکاوانە بە نەتەوەی عەرەب رادەگەیەنن کە بەرژەوەندیی ئێمە لە سەرەوەی گیانی ئێوەوەیە.

بە سەرنجدان بە کردەوەی حکوومەتی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنەکەی، پێدەچێت یەکپارچەیی خاکی ئێران چەمکێکی ماددی و ئابووریی هەبێت و تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ یەکپارچەیی نەوتی ئێران هاوواتا بێت. ئەم چەمکە ماددی و بەرژەوەندیخوازانە لە نۆ دەیەی دواییدا ئامرازێك بووە لە دەستی دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر ئێراندا تاکوو بتوانن رۆڵەکانی نەتەوە چەوساوەکان کوشت و بڕ بکەن و سامانی ئەوان تاڵان بکەن و گاڵتە بە شوناسی نەتەوەییان بکەن و لە هەمان کاتدا بە وێنەی دوژمنانی دایکی نیشتمان پێناسەیان بکەن.

ڕەنگە یەکپارچەیی نەوتی ئێران دەرخەری راستیی یەکپارچەیی خاکی ئێران نەبێت بەڵام بنەمای سەرەکیی ئەو چەمکە پێکدێنێت. یەکپارچەیی نەوتی ئێران و هاوڕێ لەگەڵ شوناس سازیی زەینیی فارسیی ناوەندگەراکان بە وێنەی تاکە شوناسی بنەڕەتی و بنەمایی ئێران تەواو دەبێت. ئەم شوناسە زەینیە کە لە لایەن ناوەندگەراکانەوە داڕێژراوە، سەر بە هەر ئیتنیك و نژادێك بن بە پێناسەی تایبەتمەندیی شوناسی و فەرهەنگیی نەتەوەکانی جیا لە نەتەوەی فارس لە ریزبەندی قۆناخە سەرەتاییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکاندایە، لۆمەی ئەم شوناس و کولتورە جیاوازانە دەکەن و بە وێنەی بەربەستێك لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگادا دەیانناسێنن. بەمشێوە مافی ژیان و بەردەوامبوون لە ژیاندا لە شوناسی غەیرە فارسەکان دەسڕێتەوە تاکوو تەنیا شوناسی فارسی بە وێنەی دۆست و لاینگری مۆدێرنیتە بناسرێت کە ڕێگای پێشکەوتن بەرەو جیهانی نوێ نیشانی مرۆڤەکانی نیشتەجێی ئێران دەدات. بەم پێیە، شوناسی زەینیی دەستکرد بە وێنەی شوناسی ئێرانی و شوناسێك بۆ هەموو نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێراندا دەناسێنرێت.

لای هەموو کەسێك روون و ئاشکرایە کە ئەم شوناسە زەینییە ئێرانییە تەنیا ناسێنەری تاقمێکی ئیتنیکیی تایبەتە کە شایانی باسی ئەوانەی لە لایەن ئەم ئیتنیکەوە ئاسمیلە بوون و تامزرۆکانی ئەم ئیتنیکەش دەگرێتەوە.




ئەم شوناسە زەینییە تاك توخمییە و شێوازە سڕینەوەیە لە بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ شوناسەکانی دیکەدا، هەنووکە نیشاندەری شێوازی دانەران و پێڕەوانی ئەم شوناسەیە. یەکپارچەیی نەوتی ناوئاخنی شوناسی زەینی و تاك کولتوری، باس لە هەوڵی پێڕەوانی ئەم شوناسە لە دەست بەسەرداگرتنی تەواوی مافەکانی کولتوری، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو نەتەوانەیە کە هەرکام لەم دوو توخمە لەگەڵ مەترسی بەرەوڕوو دەکاتەوە. لە مەڕ عەرەبەکانی ئەهوازەوە، باس کردن لە شوناسی عەرەبیی خۆیان و هێنانە بەرباسی داواکارییەکانیان لە ئاستی یەکسان بوون لەگەڵ دانیشتوانی ناوەند هەڕەشەیە بۆ سەر یەکپارچەیی نەوتی ئێران و هەروەها هەڕەشەیشە بۆ سەر شوناسی زەینیی تاك توخمیی ئێرانی. لە روانگەی ناوەندگەراکانەوە ئەم دوو هەڕەشەیە لە تەنیشت یەکدا، بە وێنەی هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی ئێران دەناسێنرێت.

لەمەڕ بەلوچستان هەڕەشە لە شێوازی هەڕەشە بۆ سەر شوناسی زەینیی ئێرانی و ئامانجە زەینییەکان، لە لایەن ئەم شوناسە زەینییەوە بەرهەم هاتووە. ناوەندگەراکان بۆ خۆیان، بە پشت بەستن بە خەیاڵی داڕێژراو لە چوارچێوەی شوناسی زەینیی ئێران، خۆی بە خاوەنی نیوەی ئاسیا دەزانن چ بگات بە بەلوچستان و ئەهواز و هتد. بەڵام بەو پێیەی کە یەکپارچەیی نەوتی ئێران و شوناسی نەتەوەیی ئێران لێك جیا نەبووەوەن و جیابوونەوەیان لە یەکتر کارامەییەکەیان ناکاریگەر دەکات، بۆیە بەلوچستانیش وەك ئەهواز هەڕەشەیەکی ترسناکە بۆ سەر بەناو یەکپارچەیی خاکی ئێران. ئەم پرسە بە تەواوی هۆی نزیکی و پێکەوەسازانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ گرووپێکی نەتەوەیی تایبەت و پێوەندی نەگرتن لەگەڵ حیزبە نەتەوەییەکان ئاشکرا دەکات.

بەگشتی، یەکپارچەیی خاکی ئێران کە لە روانگەی ناوەندگەراکانەوە چەمکێکی زۆر پیرۆزە، بۆ خۆی لە سەر دوو توخمی ماددی و نامرۆیانەی یەکپارچەیی نەوتی و شوناسی زەینیی ئێرانییە کە زەوت کردنی مافی کەسانی دیکە بە قازانجی ناوەندگەراکانی بە وێنەی بابەتێکی قبوولکراو و بەرز نیشان دەدات.لە ژێر سێبەری پێبەندبوونی سەرسەختانە بەم تێکەڵە شوناسەوە، نەتەوەی عەرەبی ئەهواز هەم لە مافە ئابوورییەکانی بێبەش بووە و یەکێك لە هەژارترین نەتەوەکانی ئێرانە، هەم لە مافە کولتوورییەکانی. هەروەها لە ژێر سێبەری پڕوپاگەندای ئۆپۆزیسیۆندا، بە بیانووی یەکپارچەیی خاکی ئێران و دانانی بایکۆت لە سەر هەواڵەکان پێوەندیدار بە ئازار و مەینەتییەکانی میلیۆنان مرۆڤ لە ئەهواز و ناوچەکانی دیکەی غەیری فارسی ئێران، کۆماری ئیسلامی بە خەیاڵی ئاسوودەوە دەست دەداتە کوشت و بڕی رۆڵەکانی نەتەوەی عەرەبی ئەهواز تاکوو بە هەموانی بسەلمێنێت کە زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆن و ڕێژیم، هەردووك لەسەر یەکپارچەیی نەوتی ئێران هاوڕان و لە گیانی ئەو مرۆڤانەی کە بوونیان هەڕەشەیە بۆ سەر یەکپارچەیی نەوت، بە بەرزتر و گرنگتر دەزانن.

بەداخەوە ئەمانە نە شوناسی ئێمە بە فەرمی دەناسن و نە ئامادەشن لە رووی ئابوورییەوە ئێمە لەگەڵ خۆیان بە یەکسان بزانن. ئەزموونی نۆ دەیە دەسەڵاتداریی دەسەڵاتدارانی ناوەندگەرا بۆ خۆی هۆکارێکی روون و ئاشکرایە لەسەر ئەم وتەیە. ئەوان نە مافی چارەی خۆنووسین بە رەوا دەزانن بۆ نەتەوەکانی دیکە و نە مافی ژیانی یکسان لەگەڵ ناوەندگەراکان. ئەوان دەیانهەوێت ئێمە بەشێك لە ئێران بین بەڵام بە مافێکی یەك لە سەر دە یان بگرە کەمتریشەوە. ئەوان لە نەتەوەی عەرەبی ئەهواز دەخوازن کە بۆ هەمیشە بە وێنەی تاوانبارێك لە ئێراندا بژین و بە هۆی تاوانبار بوونیان مافی ئەوەیان نەبێت بە وێنەی هەر مرۆڤێکی ئازاد داوای هەموو مافەکانی خۆیان بکەن یان داخوازیی جیا لە چوارچێوەی دیاریکراوی ناوەندگەراکانیان هەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەم داخوازییانەش لە چوارچێوەی یەکپارچەیی خاکی ئێراندا بێت.

بە بیانووی یەکپارچەیی خاکی ئێران چەندین لاوی بێ تاوانی عەرەب و باقی نەتەوە غەیرە فارسەکانی دیکە کوشت و بڕ کراون، بە میلیۆنان کەس لە مرۆڤەکان کە لە ئەهواز و بەلوچستان و شارەکانی دیکەی تووشی رووت و رەجاڵی و هەژاری بوونەتەوە. لە روانگەی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییەوە، نەتەوەی عەرەبی ئەهواز وەك خۆی بە هیچ شێوەیەك مافی داخوازیی تایبەت بەخۆیان و لە دەرەوەی چوارچێوە دیاریکراوەکان لە لایەن ناوەندگەراکانەوەیان نیە. هەر بەم هۆیەوەیە کە چالاکانی سیاسیی عەرەبی ئەهوازی هەر پلانێکی سیاسی دەست پێبکەن، ئەگەر بێتوو لە سەر بنەمای مافەکانی نەتەوەی عەرەب بێت و لەم پێوەندییەدا داخوازییان هەبێت، تەنانەت ئەگەر لە ئاستێکی زۆر نزمی داخوازییەکانی غەیرە ناوەندی بێت، ئەوە بە دووبەرکی دانان دادەنرێت و بە وێنەی بوار خۆش کردن بۆ بەناو جیابوونەوە لە ئێران پێناسە دەکرێت. لە روانگەی ئەوانەوە کاتێك عەرەب مافی ئەوەی هەیە داخوازیی هەبێت کە بە لەبیربردنەوەی شوناسی نەتەوەیی عەرەبی خۆیان لە یەکێك لە پرۆژە سیاسی کۆمەڵایەتییەکانی ناوەندگەراکان ئاسمیلە بن.

لای ناوەندگەراکان، یەکپارچەیی نەوتیی ئێران لە گیانی مرۆڤ بەنرخترە. ئەمانە بە پێی شێوازێکی لەم چەشنە، بە هیچ جۆرێك ئامادە نین لە شکاندنی بایکۆتی هەواڵەکانی هەرێمی ئەهوازدا هاریکاری بکەن. بایکۆتی هەواڵی ناوچەگەلێکی وەك ئەهواز نیشان دەدات کە ئەوان یان لە راست بوونی ئەو بوختانانەی کە لە ژێر ناوی جیایی خوازی کە بەردەوام دەیدەنە پاڵ چالاکانی غەیرە فارس گومانیان هەیە یان راستیی نامرۆڤانەی بە بنەماکراو لەم هەرێمە و شارەکانی دیکەی ئێران کە نیشان دەدات لە ژێر سێبەری دەسڵاتدارێتیی ناوەندگەراکاندا ئەم مرۆڤە بێ پشت و پەناگەلە کە بەسەر دەریایەك لە نەوتەوە دەژین لە چ بارودۆخێکدان.

ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لە بەرامبەری نەتەوەی عەرەبی ئەهواز و نەتەوە غەیەرە فارسەکانی دیکەدا، ئاگایانە یان نائاگایانە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی ڕێژیمەوە دەکەن کە زۆرتر لە چەمکی ئاپارتایدەوە نزیکە تاکوو چەمکی ڕێژیمێکی ناکارامە. بێدەنگیی ئەوان لە بەرامبەر ئەو کارەساتانەی لەم ناوچانەدا روودەدات داڕمای یەکجارەکیی چەمکی یەکپارچەیی خاکەکەیانی بەدواوەیە و چەمکی یەکپارچەیی نەوتی بۆ هەموان دەردەخات.

هەروەها ئەمجۆرە کردەوانەی ئۆپۆزیسیۆن رۆژ لە دوای رۆژ زۆرتر سنووردانانەکانی نێوان نەتەوەکانی ئێران دەردەخات و زۆرتر لە رابردوو چەمکی ئێمە و ئێوە لە راستی نزیك دەخاتەوە. ئەمە تەنیا خۆییەکانن کە دەتوانن بۆ خۆ و و کەسانی دیکە بڕیار بدەن و یەکپارچەیی نەوتی بکەنە گورزێك بۆ سەرکوتی داخوازییە تایبەتییەکانی کەسانی دیکە. غەیرە خۆییەکان یان دەبێ گوێڕایەڵی خۆییەکان بن و داواکاریی خۆییەکان دووپات بکەنەوە یان دەخرێنە پەراوێزەوە و دەکەونە ژێر چەپۆکی ڕێژیمی خوێنمژ و بێ بەزەیی تاکوو خوێنیان بڕژێنێت. هەڵبەت دەبێ هەموان بزانن کە هەر دڵۆپە خوێنێك کە لەسەر بنەمای چەمکی یەکپارچەیی نەوتیی وڵاتدا دەڕژێت پیرۆزیی درۆیینی ئیددیعای ئەمانە دەشواتەوە و رسوایان دەکات.

لەم رۆژانەدا کە چالاکانی کولتوریی نەتەوەی عەرەبی ئەهواز دەستە دەستە لە سێدارە دەدرێن، بێدەنگیی زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی چالاکی مافەکانی مرۆڤ ، زۆرتر لایەنە خۆبەزلزانانە و نامرۆییەکانیان لای هەموان ئاشکرا دەکات.

www.akhbar-rooz.com

**لە روانگەی کۆنگرەوە**

# «توێژی خوێندکار، بزووتنەوەی خوێندکاریی و کۆنگرەی ١٥ی حدکا»

■ کەیهان یووسفی

گرینگی دانی هەرچی زۆرتر بە توێژی خوێندکار و بزاڤی خوێندکاریی کوردی، یەکێك لەو بابەتانە بوو کە لە کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئاوڕی لێ درا، باسی لە سەر کراو و بەرنامە و پلانی بۆ دەستنیشان کرا.

خوێندن، پێگەیاندن، زانست، زانستگە و توێژی خوێندکار و بزووتنەوەی خوێندکاریی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە گرنگیەکی زۆری پێ دراوە. بێگومان ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو مەسەلەیە کە ئەو بابەتانە بنەما و دەرهاویشتەکانی مودێڕنیت وسەردەمی مودێڕنن و حیزب بە واتا ئابستراکتەکەی چەمك و دیاردەیەکی مودێڕنە، هەر بۆیەش پێوندیی نێوانیان، پێوەندییەکی گرێدراو، دوولایەنە و نەپیچراوەیە.

حیزبی دێموکرات لە پێناسە کردنی خۆیدا، لە کاتی لەدایکبوونیەوە تا هەنووکە خۆی بە حیزبێکی پێشکەوتوو و مودێڕن ناساندووە، هەر بۆیەش زانست، خوێندن و خوێندکار و زانستگە، بێگومان دەتوانن خاوەنی ئەو بەها و گرنگایەتیە بن کە لە کۆنگرەی ئەم حیزبەدا، کاتی بۆ تەرخان بکرێت و باسی لە سەر بکرێت.

بەڵام ئەوەیکە زیاتر لە هەموو شتێك ڕەنگە هەنووکە و لە دوایین کۆنگرەی حیزبدا، هۆکاربوو بێت بۆ گرنگی دانی هەرچی زیاتر بە توێژی خوێندکار، هاتنە ئارای فاکتەرگەلێکی وەکوو گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان، گۆڕانی بیاڤەکانی خەبات و بەرخۆدان دژی دیکتاتۆری، گۆڕانی ئامراز و میکانیزمەکانی پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و بەرین تر بوونەوەی پانتایی خەبات و تێکۆشان لە نێو کۆمەڵگادا بێت.

لە چەن دەیەی رابردوودا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، شێوازییان تووشی ئاڵوگۆڕ بوو یان بە واتایەکی دیکە هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە کلاسیکەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە دایکبوون، وکوو: بزوتنەوەی ژنان، ژینگە، بزووتنەوەی خوێندکاری و...

ئەم بزووتنەوە نوێیانە ئەگەرچی لە بەرنامە و ئامانجی خۆیاندا خوازیاری بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیدا نین (وەکوو بزووتنەوە کلاسیکەکان) بەڵام بە چەشنێك دەچنە خانەی نارازییان و دژبەرانی پێکهاتە و رێژیمی زاڵ بە سەر کۆمەلگادا. هەر بۆیەش ئەم بزووتەنەوانە دەتوانن وەکوو یاریدەرێك، پاڵپشت و یارمەتیدەری بزووتنەوە کلاسیکەکان بن. ئەمەش وادەکات کە بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز بە ناوئاخنێکی نەتەوەییەوە، وەکوو بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەستیاری و گرنگیەوە بڕوانێتە ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە نوێیانە.

حیزبی دێموکرات وەکوو پێشەنگ، ئاڵاهەڵگر و بناغەدانەری بزووتنەوەی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ هەرچی زیاتر پەرەپێدان و گەشەکردنی گوتاری نەتەوەیی و ئازادیخوازیی گەلی کورد، پێویستە بەبێ دەستیوەردان لە نێو کاروباری ئەم بزووتنەوانەدا، هاوکار و یارمەتیدەریان بێت. رەنگە پرسیارێك بێتە ئاراوە کە چڵونە حیزبێکی سیاسی یان بزووتنەوەیەکی سیاسی کە خواستی، خواستێکی سیاسییە و خوازیارە کە بەشدار بێت لە دەسەڵاتی سیاسیدا، ئاراستەی چالاکی و خەباتی بتوانێت هاوتەریب بێت لەگەڵ بزووتنەوەیەکی وەکوو بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی؟

بۆ وەڵامدانەوە دەبێت سەرەتا لە پێناسەی خودی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانەوە دەست پێبکەین کە ئەوان خوازیاری دێموکراتیزەکردنی بیاڤی گشتی یان بە واتایەکی دیکە بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنین.

بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکراتیش خوازیاری دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیك بۆ داهاتووی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتین. زۆر روونە کە حکوومەتێکی دێموکراتیك بەبێ بوونی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك (کۆمەڵگە مەدەنی) ناتوانێت خاوەن واتا بێت و بوون و مانەوەی خۆی گەرەنتی بکات. هەربۆیش خواستەکانی ئەم دوو بزاڤە لەم خاڵەدا یەك دەگرێتەوە.

دووهەم، بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد، بەپێی پێناسە و مێژووی تێکوشان و چالاکیەکەی، بزووتنەوەیەکی شوناسخوازە کە دڵنیگەرانیی سەرەکیی، پاراستنی شوناسی کوردی و هەوڵدانە بۆ گەشەکردنی هەرچی زیاتر، کولتوور و زمان و شوناسی کوردی. بزووتنەوەی ئازدیخوازیی کوردستان و حیزبی دێموکراتیش لە سەر بنەمای خەبات و داکۆکی لە مافی نەتەوەیی گەلی کورد، دەستی داوەتە خەبات و تێکوشان، هەربۆیش ئەو شوناس و دڵنیگەرانی و خواستانەی کە بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی بۆی تێدەکۆشێ هەر ئەو خواستانەیە کە حیزبی دێموکرات بۆی دامەزرا و بۆی خەبات دەکات.

بەپێی ئەو چەن دێڕە کورتەی کە لە سەرەوە هێمامان پێکرد، حیزبی دێموکرات ئەو زەروورەت و گرنگیەی هەربۆیش بە باشی هەست پێکردووە و هەربۆیەش لە کۆنگرەی ١٥ی ئەم حیزبەدا بە وردی باس لە سەر توێژی خوێندکار و بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی کراو و رێو شوێنی پێویستیی بۆ دیاری کرا.

**حیزبی دێموکرات لە پێناسە کردنی خۆیدا، لە کاتی لەدایکبوونیەوە تا هەنووکە خۆی بە حیزبێکی پێشکەوتوو و مودێڕن ناساندووە، هەر بۆیەش زانست، خوێندن و خوێندکار و زانستگە، بێگومان دەتوانن خاوەنی ئەو بەها و گرنگایەتیە بن کە لە کۆنگرەی ئەم حیزبەدا، کاتی بۆ تەرخان بکرێت و باسی لە سەر بکرێت**

# مەسەلەی ژنان و کۆنگرەی پانزدەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

■ ئیلهام چایچی

کۆنگرە پێگەیەکی یاسایی و بەرزترین ئۆرگانی حیزبە کە لەودا سیاسەت و رێبازە سەرەکییەکانی حیزب پەسەند دەکرێ و هەروەها رێبەری حیزب (کومیتەی ناوەندی) تا کۆنگرەی داهاتوو هەڵدەبژێرێ. کونگرە سەرەڕای ئەوەی کە لە بواری رواڵەتی سیاسی و تەشکیلاتی گرینگیەکی تایبەتی هەیە، لە بواری سیاسیش گرینگی تایبەت بە خۆی هەیە. لەم بابەتەدا تێدەکۆشین کە لە بەرجەوەنی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، مەسەلەی ژنان شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ بکەین و ئاماژە بە بابەتە پێوەندیدارەکان سەبارەت بە ژنان لە کۆنگرە بکەین.

واقێعبینی سیاسی کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، پێویستی بە روانینێکی هزرمەندانە و داهاتووبینە. بەڕێوەبردنی رۆڵی پێشڕەو تەنیا کاتێك دەلوێ کە لە نوێنگەی هزر و داهاتووبینییەوە سەیری راستییەکان بکەین. بەرپرسایەتی ئێمە لە سیاسەتدانان و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانمان، دەربڕینی روون و بێ پێچوپەنای داخوازییەکانمانە. کۆنگرە بەو ئاکامە گەیشت کە ئێمە زیاتر لە هەموو کاتێك پێویستمان بە رووبەڕووبوونەوەی ئەرێنی لەگەڵ مەسەلە و گرفتەکانی خۆمانە. کۆنگرە شوێنی چارەسەرکردنی دووبەرەکییەکانی کەسەکان و روانیینەکانیان نییە، بەڵکوو جێگایەکە بۆ هەڵبژاردنی ئاگایانە، ئازاد و بەرابەر (بێ لە بەرچاوگرتنی رەگەز، رەنگ، تەمەن ...)

کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکرات لە زۆر بوارەوە لەگەڵ کۆنگرەکانی دیکەی حیزب جیاوازی هەبوو، روونبێژی، دەروونخوازی، رەخنەگرتن لە خۆ، هەڵبژاردنی رێژەیەکی زیاتری ژنان بۆ رێبەری لە بەراوەرد لەگەڵ کۆنگرەکانی پێشوو، پێشکەشکردنی راپۆرتێکی پوخت و تەواو لە هەلومەرجی ئێستای ژنانی کوردستان و ئێران لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی و... نموونەگەلێکن لەم جیاوازیانە. داوا لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و هەروەها رۆشنبیرانی غەیرە حیزبی بۆ بەشداری لە باسەکانی کۆنگرە و کەڵکوەرگرتن لە بیروبۆچوونە راوێژکارییەکان و روانیینەکانی ئەوان لە نیشانەکانی روون بوونی ئەم کۆنگرەیە بوون. هەروەها باسی ئازاد لە بارەی کێشەکان، کەمکارییەکان، لاوازییەکان و مەسەلە دەروون تەشکیلاتییەکانی حیزب هەنگاوێکی گرینگ بوو بۆ ناسین، چارەسەری مەسەلەکان و دۆزینەوەی رێگا بۆ چارەسەری کێشەکان بوو.

یەکێکی تر لەم جیاوازییانە، رەخنە لەخۆگرتن بوو کە کۆنگرەی ١٥ زیاتر لە کۆنگرەکانی پێشوو کاری لە سەر کرد. تەنانەت سکرتێری گشتی و ئەندامامی رێبەری هەڵبژێراوی کۆنگرەی ١٤یش وێڕای دەربڕینی خوشحاڵی لەو کارانەی بەڕێوە چووە لە نێوان کۆنگرەی ١٤ تاکوو ١٥، لاوازییەکان، کەموکوڕییەکانیان هێناگۆڕێ و خستیانە بەرباس و وتووێژکردنەوە کە ئەمە خالێکی وەرچەرخانە بۆ تێپەڕین لە گرفتەکان و خوێندنەوە و بەرنامەڕێژی گونجاو بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن لە کاروباری جوارجۆری حیزبیدا.

زۆربەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، هەر وەك کۆنگرەی ١٥ی حیزب کە لە رێکەوتی ٨ تاکوو ١٤ رەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی بەڕێوەچوو، لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە چووە و ئەم دوورییە فیزیکییە لە کۆمەڵگای کوردستانی ئێران و هەلومەرجی تایبەتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکان، کاریگەریەکی بەرچاوی لە چۆنایەتی و چەندایەتی ئەندامانی بەشداربوو لە کۆنگرەکانی حیزب بە تایبەت لە بواری رێژەی بەشداری ژنان لە کۆنگرەیەدا بووە کە لە دوایین کونگرەی حیزب کە بەناوی کۆنگرەی «دوکتور شەرەفکەندی» و بە دروشمی «هەوڵدان بۆ یەکریزی لە پێناو سەرکەوتندا» بەڕێوە چوو، یەکێك لە کەموکوڕییەکانی کونگرە بە بڕوای ئەندامانی کۆنگرە بوو.

بە گشتی دەکرێ بڵێین کە کۆمەڵگای جیهانی لەگەڵ قەیرانێك بە ناوی «لە خۆارەوە بوونی ئاستی بەشداری سیاسیی ژنان» رووبەڕوویە کە ئەم مەسەلە لە ئێراندا لایەنی بەربڵاوتری هەیە، بەشداری کەمرەنگی ژنان لە سیستمە سیاسییەکان، ناوەندەکانی بڕیاردان، سیستمی دادوەری، پارلەمان، وەزارەتخانەکان، ئیدارەکان و هەروەها لە ئاستی رێبەری حیزبەکان بە تەواوەتی بەرچاوە.

**بە گشتی دەکرێ بڵێین کە کۆمەڵگای جیهانی لەگەڵ قەیرانێك بە ناوی «لە خۆارەوە بوونی ئاستی بەشداری سیاسیی ژنان» رووبەڕوویە کە ئەم مەسەلە لە ئێراندا لایەنی بەربڵاوتری هەیە، بەشداری کەمڕەنگی ژنان لە سیستمە سیاسییەکان، ناوەندەکانی بڕیاردان، سیستمی دادوەری، پارلەمان، وەزارەتخانەکان، ئیدارەکان و هەروەها لە ئاستی رێبەری حیزبەکان بە تەواوەتی بەرچاوە**

لە خوارەوەبوونی رێژەی ژنانی ئەندام لە کۆنگرە و کەمبوونی رێژەی ئەوان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەری و کەمبوونەوەی رێژەی کاریگەری دانانی ئەوان لە بڕیارەکانی کۆنگرە، کە بوو بە یەکێك لەو بابەتانەی کە باس و گفتوگۆی زۆربەی ئەندامامی کۆنگرەی ١٥ لێ کەوتەوە. گفتوگۆکان بەم ئاراستەیە بوو کە بەستێن بۆ بەشداری سیاسی ژنان لە حیزبدا هەیە، هەر بۆیە دەبێ لە داهاتوودا ئەم لاوازییە چارەسەر بکرێ.

بەم هۆیەوە ئەندامانی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێبەری حیزبیان ئەرکدار کرد کە کێشەکانی پیوەندیدار بە بەشداری سیاسی ژنان ریشەدۆزی بۆ بکرێ و هەموو ناوەندە فێرکارییەکانی خۆی بۆ ئامادەکردنی ژنان لە بواری بەشداری و ئاگایی سیاسی بخاتە کار تاکوو بتوانێ لە کۆنگرەی ١٦ی حیزبدا ئەم کێشە گرینگە چارەسەر بکا و لە کردەوەیشدا ئەمە سیاستی حیزبە کە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و بنەماڵە و... ئەسڵی بنەڕەتی بۆ حیزبی دێموکرات بەرابەری ژن و پیاوە، هاتنەدی دەبێ بە شێوەیەك بێ کە ئەم بەرابەریە لە هەموو بوارەکانی پێویستدا بەڕێوە بچێ.

بۆ ژنانی کوردستانیش، داهاتووی روونی بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی ئێمە بە جیایی دین لە دەوڵەت و هەڵبژاردنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدرالی دێتە گۆڕێ، داهاتوویەك کە خوازیاری ئەوەیە کە ئێران بۆ هەموو ئێرانیەکە وەکوو نەتەوەی کورد و ئازادی بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت ژنانی مافخواز و ئازادیخوازە.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 599 ▪ 18 Feb 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


## زایەڵە

فاتێح ساڵحی

### گەلۆ ئەزموونی کۆریای باکوور لە ئێرانیش دووبارە دەبێتەوە؟

پرۆگرامە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی و کێشەکانی ئەم ڕێژیمە لەمەڕ ناڕوونبوونی چالاکییە ناوکییەکانی و هەروەها نەبوونی نیازپاکی لەهەمبەر بەکارهێنانی ئاشتیخوازانە لە تێکنۆلۆژیای ناوکی، ساڵانێکی دوور و درێژە بووەتە ڕۆژەفی پرس و باسەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامریکا. ئێستاکە پاش نزیك بە دوو دەیە لە ئاشکرابوونی چالاکییە نهێنییە ناوکییەکانی ئێران، هێشتا کۆمەڵگای جیهانی نەهاتووەتە سەر ئەو بڕوایە کە مەبەستی ئێران لە پەرەپێدانی چالاکییە ناوکییەکانی بەکارهێنانی ئاشتیخوازانە و بۆ کەڵکوەرگرتن لە پیشەسازییە پزیشکیەکان و پیشەسازیی کارەبایە. هەر لەم پێوەندییەدا بان کی موون لە دوایین لێدوانیدا لەمەڕ کێشەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی بە ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە کە پاش ئەو هەموو لێکۆڵینەوە و تاوتوێ کردنە هێشتا بەرپرسانی ئاژانسی وزەی ناوکی بەو ئاکامە نەگەیشتوون کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە وزەی ناوکی بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی کەڵك وەر ناگرێت و ئەم ناڕوونییەش بووەتە هۆی دروستبوونی ئەو نیگەرانییە کە لەوانەیە لە ئەگەری کەمتەرخەمیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامریکا، ئەزموونی کۆریای باکوور ئەمجارەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دووبارە بێتەوە و جیهان بە جیددی بکەوێتە بەردەم هەڕەشەیەکی هەمەلایەنە.

ئەم بابەتە کاتێك گرینگیەکی زیاتر پەیدا دەکات کە عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لێدوانەکانی خۆیدا بە شێوەیەکی بەردەوام جەخت دەکاتەوە کە ئێران بە نیازی دروستکردنی چەکی ناوکی نییە و گوشارەکانی ئامریکا و ڕۆژئاوا نەك لەبەر چالاکییە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو بە هۆی دژایەتی ئەم وڵاتانە لەگەڵ چییەتیی کۆماری ئیسلامی و پەرەسەندنی فکریەتی ئەم وڵاتە لە نێو وڵاتانی ناوچە و وڵاتانی ئیسلامیدایە. هەرچەند ئەمە پرسە دوور لە باوەڕ نییە کە ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئامریکا نایانهەوێ وڵاتانی سەرەڕۆی لە چەشنی کۆماری ئیسلامی ئێران کە ماکەی گێرەشێوێنی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتاندان دەستیان بە چەکی ناوکی بگات و لە نشینگەی هێزەوە بکەوێتە دانووستان و سەودا کردن لەسەر پرس و باسە سیاسییەکانی جیهان و ناوچە. ئەم نیگەرانییەش کاتێك زیاتر زەق دەبێتەوە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە دوایین لێدوانیدا ڕایگەیاندووە کە ئێران نایهەوێ ببێت بە خاوەنی چەکی ناوکی بەڵام ئەگەر ئەم نیازەشی هەبێت ئامریکا و ڕۆژئاوا ناتوانن بە هیچ شێوەیك پێشی پێ بگرن. بۆیە وێناچی کە دانیشتنی داهاتووی وڵاتانی ١+٥ و ئێران لە ئاڵماتی پێتەختی قەزاقستان دەسکەوتێکی ئەرێنی لەمەڕ چارەسەری کێشەی ناوکی کۆماری ئیسلامی بە دواوە بێت و شکستی دانووستانی ئەمجارەش هەر لە ئێستاوە لە مێشکی چاوەدێران و شارەزایانی سیاسیدا بیچمی گرتووە.

# ئەپڵ گەورەترین کۆمپانیای جیهانە



ئەگەر ئامێری ئایپاد بە کۆمپیوتەری کەسی دابنرێت، دامەزراوەی کانالیز بۆ توێژینەوەکانی بازاڕگەری، گوتی: کۆمپانیای ئەپڵی ئەمەریکایی لە بواری بەرهەمهێنانی تێکنۆلۆژیدا گەورەترین کۆمپانیای جیهانییە.

کانالیز، گوتی: لە هەر ٥ کۆمپیوتەر کە لە چارەکی کۆتایی ساڵی ٢٠١٢دا فرۆشراون، یەکێکیان بەرهەمی ئەپڵ بووە و ئاماژەی بەوە کرد کە زۆرینەی ئەو ئامێرانە لە جۆری ئایپاد بوون.

بەپێی ئەم توێژینەوەیە، کۆمپانیای ئەپڵ بەسەر کۆمپانیای هیۆلیت ئاند باکاردا سەرکەوتووە کە یەکەمی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی کۆمپیوتەری کەسی بووە.

بازاڕی کۆمپیوتەری کەسی، بە هۆی گەرمبوونی بازاڕی کۆمپیوتەری تابلۆییەوە لە ماوەی ڕابردوودا پاشەکشەی گەورەی کردووە.

# زۆر لە منداڵەکانتان مەترسێن تاکوو ئارامییان لەدەست نەدەن

ئەگەر ترسی باوان لە منداڵەکانیان لە سنووری خۆی دەربچێت دەبێتە هۆی کێشە دروستکردن بۆ منداڵەکان و وایان لێدەکات ڕووبەڕووی هەڵوێست و دۆخی جیاواز نەبنەوە و ئەوەش پشتبەستن بەخۆیان و متمانە بەخۆبوونیان ناهێڵێت.

تیم جیلی پسپۆری پەروەردە لە کتێبێکی نوێدا دەڵێ ئەو ترسە زۆرە کاردانەوەی خراپی لەسەر منداڵ دەبێت.

هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە دروستبوون و گەورەبوونی منداڵ لە ژینگەی پڕترسدا تووشی سەرلێشێواوی و متمانەنەبوون بەخۆی دەکات و ڕێگری دەکات لەوەی فێری لێهاتوویی هەمەجۆر بێت.

هەروەها وای دەبینێت کە دەستێوەردانی باوان بۆ هەموو وردەکارییەکانی ژیانی منداڵەکانیان وادەکات ئەوان لە ژیانی منداڵیەتی خۆیان بێبەش بن.

ئەو دانەرە ڕوونی دەکاتەوە کە پێشتر منداڵان بە تەنیا دەچوون بۆ قوتابخانە و ئەوەش شتێکی ئاسایی و باش بوو.

هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە وای لێهاتووە ئەگەر کەسوکار ڕێگە بدەن منداڵەکانیان بە تەنیا بچن بۆ قوتابخانە ئەوا بە بێخەم ناودەبرێن.

ئەو پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات پێویستە منداڵان روبەڕووی دۆخی جیاواز ببەنەوە تا فێر بن چۆن بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بن و لێهاتویی بەدەست بێنن و متمانەیان بەخۆیان هەبێت.

هەروەها دەڵێ پێویستە کەشی ئارام و خۆش و پڕمتمانە بۆ منداڵان دروست بکرێت تا متمانەیان بەخۆیان هەبێت و ئاگاداری چواردەوریان بن و لێکدانەوەی خۆیان بۆ چواردەوریان هەبێت.



# سوودەکانی یەک کوپ قاوە



تا ئێستا هەمووان ناکۆکن لەسەر ئەوەی قاوە زیانی هەیە یان سوود، بەڵام دەرکەوتوە قاوە سوودی زۆری هەیە.

زاناکان دەڵێن قاوە ماندوویەتی ماسولکەکان کەم دەکاتەوە، دەتوانرێ نیو کاتژمێر بەر لە ڕاکردن و مەشقی وەرزشی قاوە بخورێتەوە و ئازاری ماسوولکەکان بۆ نیوە کەم دەبێتەوە.

هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە کافایین هێزی ماسوولکەکان زیاد دەکات و بۆ هەڵگرتنی وزەی زیاتر هانیان دەدات.

لەلایەکی دیکەوە، زاناکان دەڵێن قاوە توانای بەرهەمهێنانی مێشك زیاد دەکات و مەترسی تووشبوونی خەمۆکی لای ئافرەتان کەم دەکاتەوە و مەترسی نەخۆشی پرۆستات ناهێڵێت و جەڵتەی دڵیش دوور دەخاتەوە.